٢٠١٦

# شیکردنەوەی دیسکۆرسی کتێبەکانی پەروەردەی ئاین و ئایینناسی پۆلەکانی دە و یانزە و دوانزە

(کورتەی ڕاپورت)

هەورامان فریق کریم

IRDK
ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان - کوردستان
پردێک لە نێوان خەڵک، زانست و دەسەڵات

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە لە ڕێگەی ڕێباز و مێتۆدی "شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاریی نۆرمەن فرکلاف"ەوە پەڕاوی وانەی ئاینی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان شیبکاتەوە. شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاری فرکلافیش وەك هەموو تیۆرەکانیتری ئەم ڕێبازە، ڕەگوڕیشەکەی بۆ تێزەکانی میشل فۆکۆ دەگەڕێتەوە. لە تیۆریی فرکلافدا کە فۆکەسی لەسەر "دەق، پرەکتیزی گوتاری و پرەگتیزی کۆمەڵایەتی"یە، هەر دەقێك بە دەقی ئایینیشەوە لە سێ ئاستی جیاوازو یەکلەدوای یەکدا تاوتوێ و شەنوکەو دەکرێت کە ئەوانیش بریتین لە : ١- ئاستی وەسفکردن کە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی دەق بەگوێرەی شیکردنەوەی فۆرمیی، ڕێزمانی، وشەکان، ڕاناوەکان، کردارەکان ڕاوەستاوە. ٢. ئاستی ڕاڤەکردن، کە دەق لەسەر بنچینەی کۆنتێکستو هۆکارە نێواندەقییەکان شیدەکاتەوەو٣. ئاستی ڕوونکردنەوە کە فۆکەس لەسەر بۆچییەتی بەرهەمهێنانی دەقو تاوتوێی گوتاری زاڵو ئایدیۆلۆجیای باڵادەست بەسەر دەقدا دەکات. پاش شیکردنەوەی دەقەکانی هەر سێ کتێبی ئاینی (پۆلەکانی دەو یانزە و دوانزە)ی قۆناغی ئامادەیی بەگوێرەی هەنگاو و ئاستەکانی میتۆدەکە و دواتر تێگەشتن لە زەمینە و سترەکچەری کۆمەڵگەی کوردیی، ئەو گوتارانەی کە لەم سێ کتێبەکەدا جەختیان لەسەر کراوەتەوە بریتین لەمانە: یەکەم: ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ؛ دووەم، ئازادییەکان؛ سێیەم، یەکسانی مرۆڤ، ئاینەکان، یەکسانی جێندەریی؛ چوارەم، ئاشتی، پێکەوەژیان و فرەیی؛ پێنجەم، چاکسازی و میانەڕەوی؛ شەشەم، ئەخلاق، خۆشەویستی؛ حەوتەم، یاساسەروەری و دادپەروەری؛ هەشتەم، دیموکراسی؛ نۆیەم، مافەکانی مرۆڤ، ماف چارەی خۆنووسین و دەوڵەت؛ و دەیەم، ئاینەکانیتر". ئەم سێ دەقە ئەگەر لەشێوەی پەکێجێکدا ئەگەر تاوتوێی بکەین دەقێکی فرەگوتارییە کە لە لایەکەوە مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەکات و لەلاکەیترەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ئاینیی.

زاراوە سەرەکییەکان: شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار، نۆرمەن فرکلاف، وانەی ئاین، گوتاری ئاینی، ناسیۆنالیزم و دیموکراسی.

## ١.پێشەکی

ئاین یەکێکە لە سترەکچەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و ئەستەمە بتوانرێت بە بێ تێگەشتن لە دامەزراوەی ئاین و پەیوەندی ئەم دامەزراوە و سترەکچەر ە دامەزراوەکانیترەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە تێبگەین. تا ئەو کاتەی کە دەرهاویشتە و کاریگەرییەکانی مۆدێرنیتە نەگەشتبوویە کوردستان و لە سەرتاسەری جیهان و جیهانی ئیسلامیی و کوردستاندا ڕەنگی نەدابوویەوە و قۆناغی نوێی سەرهەڵدانی دەوڵەت . نەتەوە و لەدایکبوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی، شۆڕشگێڕی، مەعریفی و نەتەوەیی و ئاینییەکانیش دەستی پێنەکردبوو، کەمتر هەست بە ململانێی هێز و تەیارە سێکۆلاریستەکان لەگەڵ یەکتر و دواتریش لەگەڵ ئیسلامییەکان دەکرا، کە ئەوانیش هەر لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و ...هتد و بەتایبەت گۆڕانکارییە ئابوری و سەربازییەکانەوە دوای دارمانی دەوڵەتی عوسمانی دەستیان بە نەشونماکردن کرد. لەو کاتەوە ئیدی چەپەکانی کوردستان دەستیان بە خوێندنەوەی مارکسیزم و لینینیزم کرد و ئیسلامییەکان و بەشێك لە ڕۆشنبیرانی ئیسلامیش لە خەمی بزاوتی ئیسلامیدا دەستیان دایە جموجوڵ.

یەکێك لە خاڵی ناکۆك و جێی مشتومڕەکانی نێو هەموو هێزەکان لە ئەوپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، مەسەلەی ناسیۆنالیزم و دیموکراسییە. ململانێ لەسەر ئەوەیە کە کامیان زیاتر بانگەشەی ئەوەدەکات کە لەویتر دموکراسیتر و ناسیۆنالیستترە و لە زۆرێك لە هەڵوێستەکاندا یەکتر بە کەمتەرخەمی لەم دوو بابەتەدا تاوانبار دەکەن. هێزە سێکۆلارەکان ئیسلامییەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە وەك تۆماس شبن دەڵێت "ئیسلامییەکان بنەماکانی دیموکراسیان وەك بەها قەبوڵ نییە بەڵکو وەك لایەنێکی زەروریی گەرەنتی دەسەڵات

تەماشای دەکەن(صادقی اول،٢٠١٣: ١٩)." ئیسلامییەکانیش سیکۆلارەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە سیستمی سێکۆلاریزم و دیموکراسی تەنیا وەك بانگەشە و ئایدیۆلۆجیا بۆ لێدانی دین و دژایەتی دین بەکاردەهێنن ئەگینا لە ئەرزی واقعدا بنەماکانی پیادەناکەن.

رەخنەی رۆشنگەرانە کاری خۆی بە پرۆبلمێك دەست پێدەکات کە هەوڵی چارەسەری لە لایەن لێکۆڵینەوەکەوە دەدرێت. ئەم پرسیارو پرۆبلمە دەکرێ پرسیارێك بێت لە لایەن لێکۆڵەرێکەوە کە بەدوای پەردەهەڵدانەوەیە لەسەر لادانو دەستکارییەك، یان لنگاوقووچکردنێك دەگەڕێت. بە شیکردنەوەی گوتاریی رەخنەیی باشتر لە هەر مێتۆدو تیۆرێکیتر دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانەی بدەینەوە کە بنەمای ئەم لێکۆڵینەوەیە پێك دەهێنن. یەکێك لە خەسڵەت سەرەکییەکانی هەر دەقێك پەیوەستبوونییەتی بە دامەزراوەیەکی دیاریکراوی وەك ئاین یان پەروەردەوفێرکردنەوە. لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردیدا کە ئاین یەکێکە لە سترەکچەرەکانی و زۆرینەی موسوڵمانە پەیوەندییەکی نەپساوی بە دامەزراوەی پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە. چ ئاینی ئیسلامو مەسیحیو چ کاکەییو یەزیدی و ...

## ١.٢. پرسیارەکانی توێژینەوە.

ئەم توێژینەوەیە فۆکەس لەسەر گەشتن بەوەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەکاتەوە:

- دەسەڵاتو کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی زیاتر لە جاران لە رێگەی دەقەکانەوە ( بەتایبەت میدیاکانو ...) پیادەدەکرێن،
- ئەو گوتارە دینییانەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زاڵو دیارن کامانەن؟
- کام گوتاری ئاینی زیاتر لەوانیتر لەناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا مومارەسە دەکرێن؟
- پەیوەندی ئەم گوتارە بە دەسەڵاتەوە چییە ؟
- رۆڵی دەسەڵات لەمڕووە چییە؟ ئایا ئەم گوتارە ئاینییە هەوڵی پاراستنی دەسەڵات دەدات یان گۆڕانکاریتیاکردنی ؟
- ئایا گوتاری ئاینی گۆڕاکاری بەسەردا هاتووە؟ ئەگەر هاتووە لە کوێوە بۆ کوێ؟

## ٣.١. شیکردنەوەی گوتار

نزیکەی دوو دەیەیە کە چەمکی گوتار(Discourse) بۆتە مۆدێلی قسەکردنو نوسینو توێژینەوەکانو دیبەیتی ناو کەناڵەکانی گەیاندنو ناوەندەکانی بڕیاردانو خوێندنو کۆڕو سیمینارە ئەکادیمییەکان، بە بێ ئەوەی لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بەکاردەهێنێرێت پێناسە بکرێت یان رۆچووبنە ناو واتاو ناواخنە قوڵەکەیەوە."لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەبەست لە گوتار ئەوەیە کە زمان لە شێوەی کۆمەڵێك چوارچێوەو قاڵبدا رێکخراوەو خەڵك لە کاتی بەشداریکردنیان لە کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ئاخاوتنیاندا پشت بەم قاڵبانە دەبەستن. وەکو گوتاری سیاسی، ئاینیو ..."(یۆرگنسنوفیلیپس،١٧)

زاراوەی "discource" بە واتای ئاخاوتن لە دەیەی ١٩٦٠ی سەدەی رابردووەوە هاتەنێو کایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، هونەر و ئەدەبیاتەوە. تا کۆتای سەدەی نۆزدەیەمیش ئەم زاراوەیە زیاتر بە واتای "style"بەکار دەهات."(برنز،٢٠٠٢: ٢) ئەحمەد محمدپور لە کتێبی "ضد روش"دا ئاماژە بەوە دەکات کە، گوتار دواترو لەساڵی ١٩٩١ دوابەدوای سەمپۆزیۆمێك کە بە ئامادەبوونی نۆرمەن فرکلاف، ڤن دایك، ڤان لیۆن و ڤداك، لە ئەمستردام بەرێوەچوو خرایەڕوو. ئەو دەنووسێت: "بەرزترین ئامانجی شیکردنەوەی گوتار پشتیوانیکردنە لە ئازادی، دەستراگەشتن بە مەعریفەی راستەقینە لە رێگەی گوتاری راستەقینەوە، یارمەتیدانی پەردەلەسەرلادانی دەقە کۆمەڵایەتییە شێواوەکان و باڵانسکردنەوەی سترەکچەرەکانی دەسەڵاتی پەیوەندییە".(محمدپور:١٤٢)."گوتارو سەنتەرییبوونی گوتار دوابەدوای ئەو وەرچەرخانە روویدا کە پێی دەوترێ وەرچەرخانی پۆست مۆدێرن، کە بە کۆمەڵێك دیدگا سەبارت توێژینەوەو

تیۆری کۆمەڵایەتی دەوترێ کە چالێنج بۆ ئەو شێوازە لە تێگەشتن لە زانستەکۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات کە زیاتر لە پەنجا ساڵ بوو باڵادەست بوو". (بلیکی، ٧٢)

بۆ ئەوەی بچینە ناو کرۆکی بابەتەکە بە پێناسەیەکی سەرەتایی گوتار ماریان یۆرگنسن‌و لویز فیلیپس لە کتێبی شیکردنەویە گوتار[١] دەست پێدەکەین کە گوتار بە "شێوازێکی تایبەتی ئاخاوتن سەبارەت بە جیهان‌و تێگەشتی لێی" پێناسە دەکەن.( یۆرگنسن‌وفیلیپس،١٨)" یەکێك لە جیاوازییەکانی کارکردن بە شیکردنەوەی گوتارو بەکارهێنانی لە توێژینەوەیەکی ئەکادێمیدیا ئەوەیە کە دەبێت شیکردنەوەی گوتار وەك پاکێجێکی تەواو(کامل) سەیر بکەین؛ واتە ناکرێ شیکردنەوەی گوتار وەك میتۆدێکی شیکردنەوە بەکاربهێنیت بەڵام جیا لە بنەما تیۆری‌و میتۆدۆلۆژییەکەی. شیکردنەوەی گوتار لەگەڵ ئەوەی کە میتۆدە لە هەمان کاتدا میتۆدۆلۆجییەکەشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. ئەو پەکێجە ئەم شتانە لە خۆ دەگرێت : "یەکەم، گریمانە فەلسەفییەکان(بوونگەرایی‌و ئیپیستمۆلۆجی) سەبارەت بە رۆڵی زمان لە سۆشیاڵ کۆنسترەکتی[٢] جیهان؛ دووەم، مۆدێلە تیۆرییەکان؛ سێیەم، تەکنیکە میتۆدۆلۆجییەکانی سەبارەت بە نزیکبوونەوە لە مەیدانی لێکۆڵینەوە؛و تەکنیکە تایبەتەکانی شیکردنەوە. لە شیکردنەوەی گوتاردا تیۆرو میتۆد بەیەکەوە گرێ دراون."( یۆرگنسن‌وفیلیپس،٢١) هەروەها پێویستمان بە شەن‌وکەوی هەندێ بنەماو چەمکی سەرەکی هەیە کە سۆشیاڵ کۆنسترەکشن سەرەکیترینیانە. "پێناسەی زاراوەکانی وەك گوتار، رەخنە، ئایدیۆلۆجیا، دەسەڵات و زۆرێکیتر چەمکی دیکەی پەیوەست بەم بابەتە، فەرەچەشنە"(Weiss& wodak,٢٠١٢:١٢).

### ٤.١. زمان‌و گوتار

مێژووی سەرهەڵدان‌و بەکارهێنانی چەمکی گوتارو شیکردنەوەی گوتار زۆر کۆن نییە. "دەستەواژەی شیکردنەوەی گوتار(discourse analyze) بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٢ لە وتارێکدا زمانناسی بەناوبانگی ئنگلیزی زلیك هەریس بەکاریهێنا. ئەو لە دیدگایەکی فۆرمگەرایانەوە سەیری رستەی دەکردو شیکردنەوەی گوتاری تێروانینێکی فۆرمگەرایانە(و سترەکچرالیزمیانە) بۆ رستەو دەق هەژمارکرد... زۆری نەخایاند کە ژمارەیەك لە زمانناسان ئەم ئەم چەمکەیان بەماناگەلێکی جیاواز بەکارهێنا."(فرکلاف، ٢٠٠٠، ٨) لەوکاتە بەدواوە بوو کە ئیدی زیاتر سەیری کارکرد یان سترەکچەری رستەو دۆزینەوەو وەسفی پەیوەندییەکانیان دەکرد. کەواتە ئەوەی گرنگە ناسینی پەیوەندی نێوان رستەکانەو ئەوەی کە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیانەوە بەدی دێت. "هاوتەریب لەگەڵ ئەم پێناسەیە، لە شیکردنەوەی گوتاردا بە پێچەوانەی شیکردنەوە کۆنەکان چیدیکە دەست‌وپەنجە تەنیا لەگەڵ رەگەزە نەحوی‌و رێزمانییە پێکهێنەرەکانی رستەدا وەك سەرەکیترین بنەمای شیکردنەوەی واتا، واتە زەمینەی(co-text) نەرم ناکەین، بەڵکو زیاتر لەوە سەروکاریمان لەگەڵ هۆکارەکانی دەرەوەی دەق، واتە زەمینەی دۆخ(context of situation)، زەمینەی کلتوری، کۆمەڵایەتی‌و هیتردا هەیە.

بەڵام خاڵی وەرچەرخان لەم بوارەی زمانناسیدا فردینان دوسوسۆرە. تێروانینەکانی ئەو بەناوبانگن بە زمانناسی سترەکچراڵیست[٣]. هەر لەمەشەوە بابەتی زمانی کۆمەڵایەتیش هاتە کایەوە و تا هەنووکە هاوشانی دیسکۆرس دەبزوێت. زمانی کۆمەڵایەتی "زاراوەیەکە کە مەبەست لێی رۆڵی زمانە لە گوتاردا بەڵام گوتار دەکرێ زیاتر لە زمان لەخۆ بگرێت"(Gee,٢٠٠١:٢٥).

### ٥.١. فۆکۆو گوتار

[١] -Discourse analyses as Theory and Method.٢٠٠٢
[٢] - social constructionism
[٣] - Structural linguistic

فۆکۆ دەڵێ "دەبێ پراکتیزە گوتارییەکان لەناو چوونەناویەکی‌و هەڵاوسانیاندا کەشف بکەین، دەبێ پیشانی بدەین کە قسەکردن ئەنجامدانی کارێکە، کارێك جگە لە دەربڕینی ئەوەی بیری لێدەکەینەوە، جگە لە وەرگێڕانی ئەوەی دەیزانین،و کارێك بەدەرلە بەکارهێنانی سترەکچەرەکانی زمان، دەبێ دەری بخەین کە زیادکردنی دەستەواژەیەك بۆ زنجیرەیەکی لەوەوپێشی دەستەواژەکان ئەنجامدانی جووڵەیەکی ئاڵۆزو پڕتێچوونە کە پێویستی بە کۆمەڵێك بارودۆخ هەیە( و نەك تەنیا پێویستی بە دۆخ، کۆنتێکستو پاڵنەرگەلێك)و لەخۆگری ڕێساگەلێکە ( ڕێساگەلێکی جیاواز لە ڕێسا لۆجیکییەکانو زمانناسییەکانی کۆنسترەکت)؛ دەبێ پیشانی بدەین کە گۆڕانکارییەك لە نەزمی گوتاردا پێویستی بە ئایدیاگەلێکی نوێ، هەندێك داهێنانو بلیمەتی، یان زەینییەتێکی جیاواز نییە، بەڵکو پێویستی بە کۆمەڵێك گۆڕانکارییە لە ناو یەك پراکتیسو ڕەنگە لەناو پراکتیسەهاوسێکانی ئەم کردارەو لە پەیکەربەندی هاوبەشیاندا. من هیچکات نکۆڵیم لە ئەگەری گۆڕانی گوتار نەکردووە: من مافی مۆنەپۆڵو کاتیی ئەم گۆڕانکارییەم لە دەسەڵاتی سوبێکت سەندۆتەوە."(فۆکۆ، ١٣٩١،٣٠٠-٢٩٩)

شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی ڕەگوریشەکەی بۆ زمانناسی ڕەخنەیی دەگەڕێتەوە. بۆیە خۆلادان لە باسکردنی ڕۆڵی زمانناسی کارێکی خاڵی نییە لە کەموکورتی. لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێك لەم زمانناسەی قوتابخانەی ڕۆڵگەرایی بۆ نمونە فولەر، هاج، کرس، ترو، لە هەنگاوێکی گرنگدا ڕێبازی زمانناسی ڕەخنەگرانەیان کردە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی خۆیانو لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیاندا بە ناوی زمانو کۆنترۆڵ ئەم چەمکەیان بەکار هێنا. "ئامانجی ئەوان لە بەکارهێنانی ئەم چەمکە ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی شاراوەو پرۆسە ئایدیۆلۆژییەکانی ناو دەقە زمانییەکان بوو."(آقا گـلـز ا د ە ،١٠)

فۆکۆ بەمشێوەیە پێناسەی گوتار دەکات: "لە حاڵەتێکدا بە کۆمەڵێك لە گوزارەکان دەوترێ گوتار کە سەربە فۆرمەیشنێکی گوتاریی بن. [گوتار] بریتییە لە ژمارەیەکی سنووردا لە گوزارەکان کە بتوانرێ کۆمەڵێك لە هەلومەرجی پێویست بۆ بوونی ئەو گوتارە پێناسە بکرێت. گوتار بەم واتایە فۆرمێکی ئایدیالی‌و بێزمان نییە... گوتار لە سەرەتاوە تا کۆتایی مێژوویییە. بڕگەیەکە لە مێژوو کە سنوورداریەکان، دابەشکارییەکان، گۆڕانکاری‌و فۆرمەتایبەتە کاتییەکانی خۆی دەسەپێنێت."(پۆرگنسنو فیلیپس،٣٥:٢٠١٤)

فۆکۆ لە وتارێکدا بەناونیشانی "نیچە، ئەرکیۆلۆجیا، ڕاستی" ئاماژە بەوە دەکات کە "هەرکۆمەڵگەیەك سیستەمێکی ڕاستی‌و سیاسەتێکی گشتی تایبەت بە خۆی سەبارەت بە ڕاستیی هەیە: واتە جۆرگەلێك لە گوتار کە ئەم کۆمەڵگەیە قەبوڵی دەکاتو وەك ڕاستیی دەیخاتەکار".(کێهۆن، ٣٩٣:١٣٩٠) بەیەکەوەگرێدرانی دەسەڵاتو مەعریفە ئەو تێگەشتننەمان بۆ مەعریفە پێدەبەخشێ کە دەسەڵات پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ گوتاردا هەیە. ئەوە دەسەڵاتە کە بڕیاردەدات چ شتێك ڕاستییە. بەڵم نەك ڕاستییەکی ڕەها. فۆکۆ باوەڕی بە ڕاستەقینەی ڕەها نییە، چونکە ناکرێت لە دەرەوەی گوتاردا شتێك بووترێت. یەکێکیتر لەو کەتیگۆریانەی کە فۆکۆ فۆکەسی لەسەر دەکات، هەڵێنجانی شیکردنەوەی گوتارە بۆ سوبێکت. بەرای فۆکۆ سوبێکتەکان لە گوتاردا بەدیدێن. " بەرنامەی ئەو زیاتر خستنەڕووی ڕاپۆرتێکی ناوخۆییە لە هزری مرۆیی، بەڵام بەدوور لە بەخشینی پێگەیەکی بەرز بە ناوەڕۆکی ئاگایانەی ئەم هزرانە؛ تاوتوێکردنی هزر بەدەر لە قایلبوونی ڕۆڵێکی گرنگ بە بۆ بیرمەند، کە هاوشانە لەگەڵ نووسین بەبێ قایلبوونی ڕۆڵێکی گرنگ بۆ نووسەر، و وەك ئەدەبیاتی مۆدێرنیستی، کلیلی ئەم بەرنامەیەش زمانە. زمانە کە بەسترەکچەرێکی سەربەخۆ لەو کەسانە هەژمار دەکرێت کە بەکاری دەهێنن"(گری گوتینگ، ١٣٩٠: ٥٦–٥٧).

کارکردی ئایدیۆلۆژیا بە جۆرێکە کە تاکەکان ئاگایانە یان نائاگایانە دەبنە سوبێکت. سوبێکتێك کە لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیادایە. ئەم ئایدیۆلۆژیایە هەموو تاکەکان بە کاردەهێنێتو دەیانکاتە سوبێکت. ئاڵتۆسەر ناوی ئەم کارە دەنێت بانگکردن یان بانگهێشتکردن[٤]. پرۆسەیەك کە ڕۆژانە هەمووومان لە ئامارەو بانگکردنی پۆلیسێکی ئاساییدا دەیبینینو دەیبیستین. ئەوکاتەی کە پۆلیسەکە کەسێك بانگ دەکاتو دەڵێت :"ئۆهۆی لەگەڵ تۆمە"، ئەوە ئەوکاتەیە کە ئیتر کەسە بانگکراوەکە ڕۆڵی سوبێکت دەبینێت.

[٤] - hailing

ئێمە زۆربەی کاتەکان خۆمان ئەم رۆڵی سوبێکتبوونە قەبوڵ دەکەین‌و خۆمان دەبینە بەشێك لێی. "پرۆبلماتیکی فۆکۆ زیاتر بەرهەمهێنانی مەعریفە بوو نەك تەنیا واتاو لە رێگەی گوتارەوە نەك زمان."(هۆڵ،٨٣:٢٠٠٢)

## ٢. میتۆدۆلۆجیای توێژینەوە :

### ١.٢.میتۆد:

بەلەبەرچاوگرتنی بابەت و فۆکەسی لێکۆڵینەوەکە کە بریتییە لە توێژینەوەیەك لەسەر کتێبی ئاینی پرۆگرامی قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستاندا، تیۆری شیکردنەوەی رەخنەیی گوتاری نۆرمەن فرکلافمان کە باشترین‌و بەپێزترین تیۆرە بەبەراورد بە تیۆرەکانیتر، وەك تیۆرو میتۆدی توێژینەوەکە هەڵبژارد.

### ٢.٢.شیکردنەوەی رەخنەیی گوتاری فرکلاف:

فرکلاف لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا هەر لە سەرەتاوە دوو گریمانەی تیۆریی بۆ بەرەوپێشبردنی تێزەکانی دەخاتەڕوو. یەکەم ئەوەیکە کارلێکی کەلامیی شێوازێکی کردەی کۆمەڵایەتییە و وەك فۆرمەکانیتری کردەی کۆمەڵایەتی، واتە ئەوشتانەی کە خۆی ناویان لێدەنێت سترەکچەرەکان روون و ئاشکرایە. ئەم سترەکچەرانە، هەموو سترەکچەرە کۆمەڵایەتییەکان، جۆرە دۆخییەکان، سیمبولە زمانییەکان‌و نۆرمەکانی بەکارهێنانی زمان لەخۆ دەگرن. گریمانەی دووەمیش ئەوەیە کە ئەم سترەکچەرانە نەك تەنیا بە مەرجی پێویست بۆ کردە هەژمار دەکرێن، بەڵکو خۆیشیان بەرهەمی کردەن، یان بەواتایەکیتر کردەکان، سترەکچەرەکان بەرهەم دەهێننەوە."(فرکلاف، ٢٠٠٠: ٣٨-٣٩) "خاڵی جەوهەری لە تیۆری شیکردنەوەی گوتاری رەخنەیی فرکلافدا ئەوەیە کە گوتار چەشنێکی گرنگ لە پرەکتیزی کۆمەڵایەتییە کە مەعریفە، ناسنامەکان‌و پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان لەوانەش پەیوەندییەکانی دەسەڵات دوبارە بەرهەم دەهێنێتەوەو گۆڕانی بەسەردا دەهێنێت‌و هاوکات پرەکتیزەکانیتریش‌و سترەکچەرەکۆمەڵایەتییەکان فۆرمی پێدەدەن. کەواتە گوتار پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ رەهەندەکۆمەڵایەتییەکانیتر هەیە."(فلیپس‌و یۆرگنسن،٢٠١٤: ١١٦)

لە روانگەی فرکلافەوە گوتار یارمەتی کونسترەکتی سێ دیاردەی سەرەکی دەدات کە ئەوانیش بریتین لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان‌و سیستەمەکانی مەعریفەو واتا. لەمەوە دەگەینە ئەوەیکە گوتار سێ کارکردی هەیە کە ئەوانیش بریتین لە کارکردی ناسنامەیی، کارکردی پەیوەندیی‌و کارکردی هزری. لە هەر شیکردنەوەیەکدا دوو رەهەندی گوتار گرنگییەکی جەوهەریان هەیە:

- رووداوی پەیوەندیی[٥] ـ نمونەیەك لە بەکارهێنانی زمان لەوانەش رۆژنامە، فیلم‌و وتاری سیاسی..
- نەزمی گوتاریی ـ رێك‌وپێککردنی هەموو تایپەگوتارییە بەکارهاتووەکان لەناو دامەزراوەیەك یان کایەیەکی کۆمەڵایەتی.

تایپە گوتارییەکان گوتارەکان‌و ژانرەکان[٦] لەخۆدەگرن. نەزمی گوتاریش[٧] بۆ نمونە میدیا، یان نەخۆشخانە نەزمێکی گوتارییەو لەناو نەزمی گوتاریی نەخۆشخانەدا، پرەکتیزە گوتارییەکان بریتین لە راوێژی نەخۆش‌و پزیشك، زمانی تەکنیکی هەموو فەرمانبەران‌و کارەکتەرەکان، تەنانەت زمانی زانستی فەرمانبەرەکان(نوسراوو نەنووسراو)و زمانی ریکلامی نووسراوو زارەکی فەرمانبەرانی پەیوەندییەکانی نەخۆشخانەکە. هەر پرەکتیزێکی گوتاریش واتای بەرهەمهێنان‌و بەکارهێنانی دەق‌و گفتوگۆ دەگەیەنێت. "هەر بەکاهێنانێکی زمانیی رووداوێکی پەیوەندییەو لە سێ رەهەند پێکدێت:


- دەقێکە (ئاخاوتن، نووسراو، وێنەیەکی بینراو یان تێکەڵەیەك لەمانە)؛

---

[٥] - the communicative event
[٦] - genre
[٧] - order of discourse

- پرەکتیزێکی گوتارییە کە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی دەق لەخۆ دەگرێت؛و
- پرەکتیزێکی کۆمەڵایەتییە."(هەمان،١٢٠)

کەوابوو هەر شیکردنەوەیەکی گوتاریی رووداوە پەیوەندییەکان دەبێ ئەم سێ رەهەندە لەخۆ بگرێت، ئەوکاتەیە کە دەتوانێت و دەبێت سەرنج بخاتەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە: "١- تایبەتمەندییەکانی زمانی دەق؛ ٢- پرۆسەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی دەق(پرەکتیزی گوتاریی)؛و پرەکتیزێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتر کە ئەو رووداوە پەیوەندییە پەیوەستە پێوەی( پرەکتیزی کۆمەڵایەتی)."(هەمان،١٢٠)




وێنەی١، مۆدێلی سێ رەهەندیی شیکردنەوەی رەخنەیی گوتاری فرکلاف

### ٣.٢.نێواندەقی[٨] و نێوانگوتاری[٩]:

"نێواندەقی ئاماژە بە دۆخێك دەکات کە تیایدا هەموو رووداوەپەیوەندییەکان پشت بە رووداوەکانی پێشوو دەبەستن. واتە ناکرێ رێگە لە بەرکارهێنانی وشەو دەستەواژەکانی پێشوو بگیرێت لە لایەن تاکەکانەوە... نێواندەقی باس لە کاریگەری مێژوو دەکات لەسەر دەق و کاریگەری دەق لەسەر مێژوو کە لە رێگەیەوە دەق هەڵێنجان لە دەقەکانی پێش خۆی دەکات و یارمەتی گۆڕانکاری و گۆڕانی مێژوییشی دەدات." (هەمان،١٢٩) چەمکی نێواندەقی " پەیوەستە بەو رێگا و شێوازانەوە کە دەق دەگەڕێتەوە یان دەگەرێنێتەوە بۆ دەقەکانیتر لە رێگەی چیرۆك (یان گوتارەکانیترەوە)"(locke,٢٠٠٤:٩).فرکلاف لە کتێبی شیکردنەوەی رەخنەیی گوتاردا دەڵێت: "شیکردنەوەی نێواندەقی سەرنجی ئێمە بۆ ئەوە رادەکێشێت کە دەقەکان وابەستەی مێژووو کۆمەڵگەن. بەو واتایەی کە مێژووو کۆمەڵگە سەرچاوەگەلێکن کە شیکردنەوەی نێواندەقی لەناو نەزمە گوتارییەکاندا( کە ژانرە ئەدەبی، هونەری و گوتارەکان و .. لە خۆدەگرێت) مومکین دەکەن."(فرکلاف،٢٠٠٠: ١٢٢)

### ٤.٢. گوتار، ئایدیۆلۆجیا و هەژموون:

[٨] - intertextuality
[٩] - interdiscursivity

گوتار پەیوەندییەکی نەپساوی لەگەڵ ئایدیۆلۆجیادا هەیە، ئایدیۆلۆجیاش هەردەم ئاوێزانە لەگەڵ چەمکی هەژموونداً. بەبێ ئەم سێکوچکەیە هەر هەوڵێك بۆ شیکردنەوەی گوتاری رەخنەیی کرچوکاڵو بێئەنجام دەنوێنێت. " ئایدیۆلۆجیا لە روانگەی فرکلافەوە بریتییەلە (( واتا لە خزمەتی دەسەڵاتدا)). بەمانایەکی وردتر، ئایدیۆلۆجیاکان دروستکراوگەلێکی واتایین کە یارمەتی بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنانەوەو گۆڕانکاری پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەدەن. بەپێی پێناسەکەی فرکلاف، گوتارەکان دەتوانن کەمتازۆر ئایدیۆلۆجیانە بن، گوتارە ئایدیۆلۆجییەکان ئەوانەن کە یارمەتی پاراستنو گۆڕانی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەدەن... هەژموونیش تەنیا دەسەڵات ناگرێتەوە، بەڵکو پرۆسەی گفتوگۆیەکە کە لە ماوەیدا هاوڕاییەك لەسەر واتا بەدەست دێت."(هەمان،١٢٢)

## ٥.٢. هەنگاوەکانی شیکردنەوەی رەخنەیی گوتاری فرکلاف

شیکردنەوەی رەخنەیی گوتار خۆی لە سێ هەنگاودا دەبینێتەوەکە ئەوانیش بریتین لە وەسفکردن(توصیف)، راڤە(تفسیر)و روونکردنەوە(تبیین). واتە وەسفی دەق، راڤەی پەیوەندی نێوان دەقو مامەڵە، روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان مامەڵەو کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی.

٥.٢. ١. هەنگاوی یەکەم: شیکردنەوە دەقە لە ئاستی وەسفکردندا. کە خۆی لە دە پرسیاری سەرەکیدا دەبینێتەوە" واتە ئەو پرسیارانەی کە دەکرێ سەبارەت بە دەقێك بکرێن:

أ. **وشەکان**

١- وشەکان خاوەنی کام بەهاگەلی ئەزموونین؟ لە پۆلێنبەندیکردنیاندا سود لە کام پلانەکان وەرگیراوە؟ چ جۆرە پەیوەندیگەلێکی واتایی( هاوواتایی، هاوبەشی واتایی، دژیەکی واتایی) لەرووی ئایدیۆلۆجییەوە واتادار لە نێوان وشەکاندا بوونی هەیە؟

- مەبەست لەم پرسیارە گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەوەدا کە چۆن جیاوازییە ئایدیۆلۆجییەکان لە نێوان دەقەکاندا لەسەر ئەو رەنگدانەوە جیاوازانەی کە لەسەر جیهان دەیخەنەروو، لەناو وشەکاندا سیمبولیك دەبێت.

٢- وشەکان خاوەنی چ جۆرە بەهاگەلێکی پەیوەندین(رابگەای)ن؟ ئایا دەستەواژەگەلێك بوونیان هەیە کە بەڵگەبن لەسەر دەربڕینی باش؟

- ئەم پرسیارە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن هەڵبژاردنی وشەکانی دەق بەستراوەتەوە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوەو چۆن یارمەتی بەرقەراریی ئەم پەیوەندییانە دەدەن؟

٣- وشەکان خاوەنی کام بەهاگەلی دەبڕینین؟

٤- لە وشەکاندا چ جۆرە دەستەواژەیەك بەکارهاتوە؟

- "دەستەواژە(استعارە) ئامرازێکە بۆ رەنگدانەوەی لایەنێکە لە ئەزموون بە گوێرەی لایەنێکتریو بە هیچ شێوەیەك تایبەت نییە بەو جۆرە لە گوتارە کە بە شێوەیەکی کلێشەیی پەیوەست پێوەی هەژمار دەکرێت.(هەمان،١٨٣) ئەوەش گرنگە کە بزانین کام دەستەواژە زیاتر بەکارهاتووە؟

ب. **رێزمان:**

٥- تایبەتمەندییە رێزمانییەکان خاوەنی کام بەهاگەلی ئەزموونین ؟ چ جۆرە پرۆسەو بەشداربوویەك تیایدا زاڵە؟ ئایا بکەر نادیارە؟ ئایا پرۆسەکان هەر ئەوانەن کە دەبینرێن؟ ئایا سود لە پرۆسەی ناودروستکردن وەرگیراوە؟ رستەکان دیارن یان نادیار؟ ئەرێنین یان نەرێنی؟

٦- تایبەتمەندییە رێزمانییەکان خاوەن کام بەهاگەلی پەیوەندین؟ سود لە کام لایەنەی ( هەواڵی، پرسیاری، ئەمری) وەرگیراوە؟ سود لە راناوەکانی ئێمەو ئێوە وەرگیراوەو ئەگەر وەرگیراوە شێوازی سودوەرگرتنەکە چۆنە؟

٧- تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان خاوەنی کام بەهاگەلی دەربڕینین ؟

٨- ڕستە(سادە)کان، چۆن بەیەکەوە بەستراونەتەوە؟ کام جۆرە ئامرازی پەیوەندی بەکارهاتوون؟ ڕستە ئاوێتەکان چۆن؟ بۆ گەڕانەوە بۆ ناوەوەو دەرەوەی دەق چ ئامرازگەلێك بەکار هاتووە؟

**ج. سترەکچەری دەقیی:**

٩- چ جۆرە ڕێککەوتنگەلێکی مامەڵەیی(تعاملی) بەکارهاتوە؟ مامەڵە لێرەدا زیاتر مەبەست پەیوەندییە.

٩- ئایا ڕێگایەك بوونی هەیە کە لە ڕێگەیەوە ڕێگە بە بەشداربوو بدرێت کۆنترۆڵی قسەکردنی ئەوانیتر بکات؟ دەق خاوەنی چ جۆرە سترەکچەرێکی بەرفراوانە؟"

١٠- دەق خاوەنی چ جۆرە کۆنسترەکتگەلێکی بەرفراوانە؟ مەبەست لەم پرسیارە ئەوەیەکە چۆن دەقێك بەگشتی دەکرێ کۆنسترەکتی هەبێت؟ واتە لە ڕەگەزگەلێکی قابیلی پێشبینی بە ڕێکخستنێکی قابیلی پێشبینی پێکهاتبێ.(فرکلاف،٢٠٠٠: ١٧٠-١٧١)

**٢.٥.٢ .هەنگاوی دووەم: ڕاڤە**

ڕاڤە لە چەن ئاستێکی پێکهاتووە کە ئەم ئاستانەش هەریەکێکیان بۆ خۆی هەنگاوێکە بۆ گەشتن بە ڕاڤەیەکی دروست بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات زیاتر لە قۆناغی کۆتایی لێکۆڵینەوەکەمان کە بریتییە لە ڕوونکردنەوە نزیك بینەوە. بەکورتی ئاستەکان بریتین لەمانە:

١- ڕواڵەتی ئاخاوتن. لەم قۆناغەی سەرەتادا پرۆسەیەك دەست پێدەکات کە تیایدا ڕاڤەکار کۆمەڵێك لە نیشانەو دەنگەکان دەگۆڕێت بۆ وشە، دەستەواژەو ڕستەی دیاریکراو. لێرەوە ڕۆڵی مەعریفەی زەمینەیی ڕاڤەکار بەدیار دەکەوێت.

٢- واتای ئاخاوتن. ئەم ئاستەش بریتییە لە دانی واتا بە بەشەپێکهێنەرەکانی دەق، کە فرکلاف ناویان دەنێت کەلام.

٣- یەکڕیزی یان ڕیزبەندی بابەتیی. مەبەست لێرەدا بەرقەراری یەکڕیزی تێگرای بەشەکانی دەقێك نییە ـ بۆنموونە تێگرای بەشەکانی وتارێك یان گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی، بەڵکو یەکڕیزی بەشێکی دیاریکراوە لە دەقێك.

٤- سترەکچەرو کرۆکی دەق.. چۆنییەتی پەیوەندیی بەشەکان پێکەوەو چۆنییەتی یەکڕیزی بەرفراوانی دەق.


٥- قۆناغی پێنجەم سەرنج دەخاتەسەر کۆنتێکستی دۆخیو جۆری گوتار. کە ئەویش خۆی لە چەن پرسیاری سەرەکیدا دەبینێتەوە. پرسیارەکانیش بریتین لە چی ڕوویداوە؟ چ کەسانێك تیایدا سەرقاڵن؟ پەیوەندی نێوانیان چییە؟ ڕۆڵی زمان لەبارەی پرسیاری یەکەمەوە چییە ؟"(فرکلاف،٢٠٠٠: ٢٢٢)

بەکورتی ئەوەیکە سەبارەت بە ڕاڤە باسمانکرد دەکرێ لە سێ پرسیاردا کەلە هەر جۆرە گوتارێکدا دەخرێنەڕوو، پوختی بکەینەوە :

- "زەمینە یان کۆنتێکست: ڕاڤەی بەشداربووانی گوتار لە زەمینەی دۆخی یان نێواندەقی چییە؟
- جۆرەکانی گوتار: چ جۆرە لە گوتار بەکاردەهێنرێتو ( لەئەنجامدا، کامە ڕێسا، سیستەمو بنەما لە بواری سیستەمی دەنگی، ڕێزمان، یەکڕیزی ڕستەیی، وشەکان، سیستەمەکانی واتا یان بەکارهێنان، بەکار دەهێنرێن."(هەمان،٢٤٤)
- جیاوازیو گۆڕانکاری: ئایا وەڵامی بەشداربووە جیاوازەکان، بۆ دوو پرسیاری یەکەمو دووەم جیاوازە؟ ئایا ئەم وەڵامانە لەماوەی مامەڵەی ئەواندا گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟

**٣.٦.٢ .ڕوونکردنەوە(تبیین)**

پەیوەندییەی دەسەڵات و خەباتی کۆمەڵایەتیی و گوتار دەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە سەیر بکرێن: یەکەم دەکرێ گوتار وەك بەشێك لە خەباتی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت و لەناو دەقێکی بەرفراوانتردا بخرێتەژێر وردبینەوە کە لێرەوە پەیوەندی ئەم خەباتەش لەسەر سترەکچەرەکانیش دێتەگۆڕێ. لەلایەکیترەوە دەکرێ ئەوە پیشان بدرێت کە کام پەیوەندی دەسەڵاتە کە گوتارەکە دیاری دەکات و خودی ئەم پەیوەندیانە دەرهاویشتەی خەباتی کۆمەڵایەتین و لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان لەناو دەسەڵاتدان سەرهەڵدەدەن." کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی گوتارو هۆکارە کۆمەڵایەتییە دیاریکەرەکانی گوتار دەبێ لە سێ ئاستدا ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیدا (کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی، دۆخی) تاوتوێ و شەنوکەو بکرێن. لەم وێنەیەدا بەروونی پرۆسەی ڕوونکردنەوە نمایش کراوە:




**وێنەی٤. قۆناغی ڕوونکردنەوە**

ئەم سێ ئاستە لە ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبین لە چۆنییەتی سەیرکردنی ئێمە بۆ هەریەکە لەم سێ کردەیە( دامەزراوەیی، دۆخیی یان کۆمەڵایەتی).

ئێستا دەکرێ بە کورتی و بەکوردی ئەوەی سەبارەت بە ڕوونکردنەوە گرنگ دەنوێنێت لەم سێ پرسیارەدا کە فرکلاف دەیخاتەڕوو بخەینەڕوو:

١- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان: چ جۆرێك لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە سەر ئەو ئاستانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ڕۆڵیان لە فۆرمەلەبوونی گوتاردا هەیە و کاریگەریان لەسەری هەیە؟

٢- ئەم مەعریفە زەمینەییەی کە ڕۆڵێکی جەوهەری دەبینێت لەم پرۆسەیەدا خۆی بۆخۆی لە کۆمەڵێك ڕەگەز پێکدێت، چ ڕەگەزگەلێك لە مەعریفەی زەمینەیی خاوەنی تایبەتمەندی ئایدیۆلۆجین؟

٣- کاریگەری: شوێنگە و کاریگەری ئەم گوتارە بەرامبەر بە خەبات لە سەر ئاستە جۆراوجۆرەکان( دامەزراوەیی، کۆمەڵایەتی و دۆخی) چییە؟ فرکلاف دەپرسێت ئایا ئەم خەباتە ئاشکرایە یان نهێنی؟ ئایا ئەو گوتارە کە جێی مەبەستی ئێمەیە خزمەتی پاراستنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەکات یا هەوڵی گۆڕینی دەدات.

### ١.٣. مەیدانی توێژینەوە

**١. هەڵبژاردنی دەق**: ئەو دەقانەی کە لە لایەن توێژەری ئەم توێژینەوەوە بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی گوتار هەڵبژێرراون بریتین لە کتێبەکانی وانەی ئاینی پۆلی (دە کە ناوی "پەروەردەی ئیسلامییە" و کتێبەکانی پۆلی یانزە و دوانزە بەناونیشانی "پەروەردەی ئیسلامی و ئایینناسی")، چاپی ٢٠١٥.

**ب . تاوتوێکردنی دەق** لەسەر بنەمای قۆناغی یەکەمی مێتۆدەکەی فرکلاف کە بریتییە لە ئاستی وەسفکردن. کە بریتین لە پەیوەندی واتایی لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی جۆری وشەکان، کەسایەتییەکان، شوێنەکان، هاوواتایی و هاوتەریبی، دژیەکی واتایی، بەکارهێنانی ڕاناوەکانی "ئێمە" و "ئەوان".

د: ڕاڤەکردن(تفسیر) . قۆناغی ڕاڤە، نەزمی گوتاریی و نێوانگوتاری کە نێواندەقیش بەشێکەلێی دەگرێتەوە. قۆناغی ڕاڤە هەم پرۆسەکانی بەشداریکەرانی گوتار و هەم ڕاڤەی دەق دەگرێتەوە.

ه . ڕوونکردنەوە(تبیین). لێکۆڵەر لە شیکردنەوەی گوتاردا هەوڵ دەدات گوتار وەك بەشێك لە خەبات و ململانێی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا ببینێت، ئەویش لە سێ ئاستی کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی و دۆخیدا.

- ئەم گوتارانە پەیوەستن بە کام لە پرۆسە دامەزراوەییەکانەوە؟
- ئەم گوتارانە پەیوەستن بە کام لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە؟
- ئەم گوتارانە پەیوەستن بە کام لە پرۆسە دۆخییەکانەوە؟

**۲.۳. شیکردنەوە**

**۲.۳. ۱. وشەکان**: هەردوو کتێبەکە بەوردی و وریاییەوە خوێنرانەوە وپاش فیشدانان و تاوتوێکردن و پۆلێنکردن و لێکدانەوەی تێگڕای دەقەکەدا لە هەنگاوی یەکەمدا دەرکەوت کە ئەو وشانەی کە زۆرترین جار لە کتێبی پۆلی دەدا بەکارهاتوون، بریتین لە وشەکانی " خوا، مرۆڤ، پێغەمبەر، ئیسلام، دوارۆژ، زانست و زانیاری". لە کتێبی پۆلی یانزەدا هەرچەندە فریکوێنسی وشەکان کەمتر دەبێتەوە، بەڵام ئەو وشانەی کە زۆرترین جار بەکارهاتوون بەڕیز بریتین لە "مرۆڤ، خوا، پێغەمبەر، ئیسلام، دنیا، ڕەوشت(ئەخلاق)، گفتوگۆ". لە کتێبی پۆلی دوانزەدا "مرۆڤ، ئیسلام، پێغەمبەر، زاراوەکانی وەك یەکسانی، دادپەروەری، ئازادی و دیموکراسی" فۆکەسی زۆریان لەسەر کراوە. بەگوێرەی بەکارهاتن ودوبارەبوونەوەی وشەکان بێت، فۆکەسی کتێبی پۆلی دە لەسەر دوانەیی خوا و مرۆڤە و جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا دەکاتەوە. لەم کتێبەدا هەرکام لەو دوو وشەیە زیاتر لە ۳۰۰ جار بەکارهاتوون. ئەم بابەتەش دەگەڕێتە بۆ ئەو بۆچوونەی کە هەمیشە موسوڵمانان و ڕاڤەکارانی موسوڵمان بانگەشەی بۆ دەکەن کە قورئان بە وشەی "الناس" کۆتایی دێت، واتە مرۆڤ.

لە کتێبی پۆلی یانزەدا فۆکەسی دەق لەسەر دوو وشەی "خوا و مرۆڤ" کەمتر دەبێتەوە و ڕەوشت جێگای دوارۆژ دەگرێتەوە. "دوارۆژ" لە کتێبی پۆلی دەدا زیاتر لە ۷۰ جار بەکارهاتووە، بەڵام لە کتێبی پۆلی یانزەدا دووبارەبوونەوەی ئەم وشەیە دە هێندە کەم دەکات، واتە کەمتر لە دە جار. لەمەوە دەردەکەوێ کە کتێبی یەکەم جگە لە "خودا" و"مرۆڤ"، "دوارۆژسەنتەر"ە و بایەخێکی زۆر بە دوارۆژ و بەرپرسیارێتی و خۆئامادەکردن بۆی لەمدنیادا دەدات. لە کتێبی دووەمدا ئەو وشەیەی کە جێگای "دوارۆژ" دەگرێتەوە و نووسەر گرنگییەکی زۆری پێدەدات وشەی "ڕەوشتە". کە ئەمەش دەمانگەیەنێتە بەو ئەنجامەی کە کتێبی دووەم دنیاییتر و کرداریترە و فۆکەسی لەسەر ژیانی دنیا و مامەڵەی ئەخلاقیی دەکات. هەرچی کتێبی پۆلی دوانزەیە ئیدی دوانەیی خودا . مرۆڤ کەمترەنگتر دەبێتەوە و دووانەیی مرۆڤ . مرۆڤ چ وەك یەکسانیی و بوونی یەك سەرچاوەی هاوبەش کە هەموویان دروستکراوی خودان و چ وەك مامەڵەی دیموکراسیانە و ئازادانە و مەدەنیانەی مرۆڤەکان لەگەڵ "ئەوانیتری مرۆڤ"، "ئەوانیتری نەتەوەکانیتر" و "ئەوانیتری زمان و ئاینەکانیتر".

**۲.۳. ۲. هاوتەریبی و هاوواتایی:**

چەمکی "مرۆڤ" بەواتا گشتییەکەی واتە مرۆڤ وەك بوونەوەر بە بێ جیاوازی نێرینەبوون و مێینەبوون، زۆرترین دووبارەبوونەوەی هەیە. مرۆڤ هاوشان لەگەڵ پاشگری وەك "ایەتی"و "بوون"، واتە مرۆڤایەتی و مرۆڤبووندا زۆر بەکارهاتووە. هەروەها مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵێك ئاوەڵناویشدا دوبارەبوونەوەی زۆری هەیە بۆنمونە مرۆڤی باوەڕدار، مرۆڤی بێباوەر، مرۆڤی موسوڵمان

و چەن ئاوەڵناوی دیکە. وشەکانی "باوەڕ"و"ئیمان" هەم لە جیاتی یەکتر و هەم هاوتەریبی یەکتر بەکارهاتوون. هەڵبەت بەهەڵەش چەمکی "لێبوردن" لە جیاتی "تسامح"ی عەرەبی و پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن بەکارهاتووە.

لەکتێبی پۆلی دەدا "خودا" زیاتر خودای گەورەیە و لە ناو هەموو سیفەتەکانیتریدا زیاتر فۆکەس لەسەر سیفەتی گەورەیی و دەسەڵاتی خودای گەورەیە. هاوکات خودای کتێبی پۆلی یانزە لەگەڵ ئەوەی کە "خوای گەورەیە"، خودای پەروەردگار و لە هەندێ شوێندا بە خودای میهرەبان و هەندێ سیفەتی دیکە کە میهرەبانی و خۆشەویستی و بەزەی و لوتف و بەخشندەییە ئاماژەی پێکراوە. لە کتێبی پۆلی دوانزەدا ئەم دووانەیی و هاوشانییە "خودا ـ مرۆڤ" کەمتر دەبێتەوە و " مرۆڤ ـ مرۆڤ" یان "موسوڵمان ـ ئەوانیتر" دێتەگۆڕێ. ئیتر وەك کتێبی پۆلی دە فۆکەس لەسەر ئەرك و بەرپرسیارێتی مرۆڤ و ئەمر و نەهیکردن نییە بەرامبەر بە خۆی و چارەنووسی خۆی و خودا یان بۆ گەشتن بە بەهەشت یان دوورکەوتنەوە لە سزا.

لەسەر ئاستی وشەش لە کتێبی پۆلی دەدا "دنیا و دوارۆژ"، "بەهەشت و دۆزەخ"، "ژیان و مردن"، "ستەمکار و دادپەروەر"، "باوەڕدار و بێباوەڕ"و "خودا و شەیتان" لەبەرامبەر یەکتردا دانران. بەڵام لە کتێبی پۆلی یانزە و دوانزەدا ئەم بەرامبەرکێییە کەمتر دەبێتەوەو زیاتر فۆکەس لەسەر یەك لایەن کراوە ئەویش "دنیا و ژیان و بەهەشتە". هەندێك وشەی وەك "دایباب یان دایكوباوك"،"ژن وپیاو"، "کچ و کوڕ"،"خوای گەورە" و پێغەمبەر (د.خ)، هاوشان لەگەڵ یەکتر بەکارهاتوون. واتە ئەو شوێنەی کە دایك هەیە باوکیش هەیە، کە ژن هەیە ، پیاویش هەیە، کە خوا هەیە گەورەش هەیە و کاتێ پێغەمبەر هەیە (د.خ) یش هەیە. بۆیە لەرووی جێندەریشەوە دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە لەبەرئەوەی وشەکانی دایباب و ژن و پیاو زۆرترین جار هاوشانی یەکتر بەکارهاتوون و نیشانەگەلێکی زەقیش بەڵگەلەسەر جیاوازی و سەروەری ئەویان بەسەر ئەویتریانەوە بەدی ناکرێ، کەواتە جیاوازی جێندەری وپیاوسالاری زاڵ نییە بەسەر دەقەکاندا" هەڵبەت هەندێ ئاماژەی لاوازی پیاوسالارانە ـ ئەویش لەرووی هێنانی دەقەکانەوە نەك راڤەیان، چونکە لە راڤەیاندا نووسەر بەبێ هیچ جۆرە جیاکاری و جیاوازییەکی جێندەری روونیان دەکاتەوە ـ هەن کە دواتر تاوتوێیان دەکەین.

**٢.٢.٣. لەرووی کردار و سنووردانانەوە(افعال و قیود)**، رەهایی و گشتگیرییەکی یەکجار زۆر لە بەکارهێنانی وشەکان و رستەکاندا لە کتێبی پۆلی دەدا بەدیدەکرێ. زۆرێك لە رستەکان گشتگیر و بڕیاری رەهای تێدا دەدرێ. نموونەیەکی سادە لە لاپەڕە ١١ دایە کە بانگەشەی ئەوەدەکات کە" کەس نییە لە جیهاندا وەکو پێغەمبەر(د.خ) رووداوەکانی ژیانی هەڵگیرابێت و پارێزگاری کرابێت". وشەکانی وەك" گومانی تێدا نییە، بێگومان بن، بەدڵنیاییەوە، بەتەواوەتی، هیچ شتێك، هیچ کەسێك، هیچ دینێك، بەتەواوەتی، کەس نییە، هیچ....تیانییە، هیچ نەتەوەیەك...هتد، بەرێژەیەکی زۆر بەکارهاتوون. لەبەرامبەردا کەمترین جار وشەکانی "تاڕادەیەك"، "رەنگە"، "ئەگەری هەیە"، "بۆچوونێکیتر"،" کەمێك"، "نەك بەتەواوەتی"، "رێژە"و....هتد بەکارهاتووە. کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بەرەهایی بڕیار و رستەکان بەیانکراون و ئەگەر هیچ گومانێك لەسەر هیچ شتێك لە ئارادا نەبێت رێگەو دەرفەتێکیش بۆ گفتوگۆ و جیاوازی بۆچوون و رێژەییبوونی راستیی نامێنێتەوە کە ئەمەش لەگەڵ بنەمایەکی سەرەکی شیکردنەوەی گوتاردا یەك ناگرێتەوە کە "راستی هەمیشە لەمەترسیدایە و هیچ گوتارێك خاوەنی هەموو راستییەکان نییە". (سرایی،فتحی،زارع:٢٠٠٨)

لەرووی نارونی ئەو وشانەوە کە بەکارهاتوون، هەندێك وشە لەناو دووتوێی کتێبەکاندا بەکارهاتوون کە چەمکی نارونو پێناسەنەکراونو تێگەشتن لێیان بۆ قوتابییەکی پۆلی دەو یانزە رەنگە ئەستەم بێت. هەندێك لەو وشانەی کە بەکارهاتوون بریتین لەمانە: " یەکەیەکی یەکگرتوو، هەڵاواردن، اجتهاد، سروشتی خواناسانە، ویژدانی ئەخلاقی، خودایی بوونی سەرچاوەی مرۆڤ و ...هتد).

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا رستەگەلێك بوونیان هەیە کە بەڵگە بن لەسەر "دەربڕینی باش" و هەروەها رستەی "پۆزەتیڤ" و"نێگەتیڤ"؟ جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان کتێبی پۆلی دەو یانزە و دوانزەدا. لە کتێبی پۆلی دەدا کەمتر باسی دنیا و

ژیاندۆستی و بەهەشت وپاداشت کراوە کە ئەمانە دەچنە چوارچێوەی رستەگەلی پۆزەتیڤەوە، بە بەراود بە دوارۆژ و مردن و سزا. لە کتێبی پۆلی دەدا زیاتر لە ٤٢ جار باسی دۆزەخ وسزا و تۆڵە و ... کراوە. مردنیش ٤٣ و دەستەوەستانی مرۆڤ٧ جار وجنۆکەو دێو ٤ جار. بەڵام لە کتێبی پۆلی ١١دا ئەم ڕێژەیە زۆر کەمتر دەبێتەوە. لە کتێبی پۆلی ١١دا هەڕەشەو ترساندن و دۆزەخ و وشەگەلی لەم بابەتە نزیکەی پێنج جارێك و دوارۆژ و مردن کەمتر لە ١٠ جار ئاماژەیان پێکراوە. بەڵام رستەو وشەکانی پەیوەست بە بەختەوەری و مژدەو بەزەیی و بەهەشت و پشت بەخوابەستن و خۆشەویستی و بەهابالأکان رەنگە لە ٢٠٠ زیاتر بێت.

پرسیار لەبارەی "**جۆری رستەکانەوە**" کە داڕێژراون ئایا رستەکان "سادە، ئاوێتە یان ئاڵۆز" ن وەك دەردەکەوێ کەمترین رستەی سادە بەکار هاتووە و رستەکان یان ئاوێتە یان ئاڵۆزن بەئەندازەیەك کە زۆرکات رستەکان تا ١٢ و زیاتریش یەك خاڵی تێدا بەدیناکرێت.

٢.٣. ٤.**دیاری و نادیاریی بکەر**: رستە و بکەری رستەکان لە هەر سێ کتێبەکەدا تاڕادەیەك ئاشکراو روونن. بەتایبەت ئەو کاتانەی کە خودا خۆی راستەوخۆ قسە دەکات و دەقەکانی دەگوازرێتەوە. هەرچەندە بەتەواوەتی دیار نییە ئەوکاتەی کە باسی "ئێمە" دەکات مەبەست خۆی و فریشتەکانن یان نا؟ بۆ نمونە هەر لە لاپەڕە ٣٦دا ئەگەر سەیری ئەم رستانە بکەین" ملیۆنەها برسی و بێ لانە هەن و بەشێکی کەم لە دانیشتوانی سەرزەوی زۆربەی خێر و بێری بۆ خۆیان بەکاردەبەن؟ "رستەکان لەبەرئەوەی هەواڵین بکەرەکانی بەتەواوەتی دیار نین و نازانرێت ئەم کەسانە کێن. تەنانەت لە بابەتەکانی دەوڵەت و دەوڵەتداری و زوڵم و ستەمدا و هەروەها ئەو نەتەوە و دەسەڵاتدارانەی کە نەتەوەکانی دیکە دەچەوسێننەوە و ڕێگرن لە بەردەم گەشتنی نەتەوەکانی دیکەدا بۆ نمونە میللەتی کورد بە مافەکانی خۆیان و هەوڵی سڕینەوەیان لە ژێر هەر پاساوێکدا دەدرێ، بکەری ئەم کردار و رەفتارانە دیار نین و تەنانەت ئاماژە بە رژێمی بەعس نەکراوە. لەرووی شێوازی رستە و فرمانەوە رستەکان لە کتێبی پۆلی دەدا چوار جۆرن: هەواڵی، پرسیاری، هەواڵی پرسیاری ودواجار ئەمری؟

٢.٣. ٥.**راناوەکان:** لەرووی راناوەکانەوە چەن جۆرێك راناو بەکارهاتووە. راناوی "ئەو" زیاتر لە هەموو راناوەکان کە کەسی دووەمی تاکە زۆرترین جار بەکار هاتووە ئەوەیش بە حوکمی ئەوەیکە فۆکەسی هەرسێ کتێبەکە زیاتر لەسەر خوا ومرۆڤە. زیاتر لە ٣٥٠ جار زیاتر تەنیا ئاماژە بە خوا کراوە. هەروەها بۆ "مرۆڤیش" کە لێرەدا زیاتر وشەیەکی سەرووجێندەرییە ورەگەزی تیا دیاری نەکراوە باس لە بوونەوەری مرۆڤ دەکات بە گشتی دیسان لە جیاتی راناوی "ئەو" بەکارهاتووە، کە خۆی لە مرۆڤ بە گشتی و مرۆڤی موسوڵماندا بەرجەستە دەکات. "خودا" لە هەندێ شوێنیش خۆی راستەوخۆ بە راناوی"من" قسەدەکات و فەرمان بە مرۆڤەکان دەکات.

راناوی"ئەو" کە راناوی سەربەخۆیە بۆ پەیامبەریش بەکارهاتووە. هەرچەندە بۆ دەقێکی ئاینی رەنگە ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی ئاسایی بێت، چونکە دەقی ئاینیی خوداسەنتەر و مرۆڤسەنتەرو لە لایەن خودایەکەوە ئاڕاستەی مرۆڤ کراوە و لەڕێگەی پەیامبەرەوە. دووەم راناو راناوی "ئێمە"یە کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە و دیسان خودایە بەناوی خۆیەوە بەکۆ قسەدەکات. کەواتە ئەم دوو دەقە و بەتایبەت کتێبی پۆلی ١٠ کتێبێکە کە "ئەو سەنتەرە"، واتە خوداسەنتەرە و قسەکانی یان لەرێگەی دەقەکەوە دەگوازرێتەوە یان خۆی بەناوی خۆیەوە قسەدەکات، بۆ نمونە ئایەتی"کتاب انزلناه اليك" لە لاپەڕە ٥٠دا، یان " ئێمە ئەم پەیامەمان ناردووە"، رەنگە بکرێ بگەین بەو دەرەنجامەی کە سەنتەربوونی خودا و فریکوێنسی راناوی "ئەو" بەڵگەیەکی ئاشکرابێت لەسەر نەقلیبوونی ئەم سێ دەقە.

لەم سێ کتێبەدا "تۆ" کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی "قوتابی" کەمتر وەك خوێنەر حسابی بۆکراوە. راناوەکانی وەك " تۆ" کە کەسی دووەمی تاکە ئەگەریش بەکارهاتبێ لە هەر سێ کتێبەکەدا یان باس لە گفتوگۆی خوا دەکات لەگەڵ پەیامبەردا بۆ نمونە "قل" واتە بڵێ کە فەرمانی پێدەکات بە کردەیەك، یان "تۆ" وەك لە کتێبی پۆلی یانزەدا لەبابەتەکانی کۆتادا نووسەر "تۆ" بۆ خوێنەر یان

فێرخواز بەکاردەهێنێت کە تیایاندا رستەکان ئەمرین و بۆنمونە فەرمان دەکات بەم شتانە:"خۆت بناسە"، "ئاینەکەت بناسە"، "نیشتیمانەکەت بناسە". راناوەکانی "ئێوە" و "ئەوان" و "ئێمەش" بەکارهاتوون. بەتایبەت ئێمەش کە بەناوی "ئێمە"ی مرۆڤەوە قسەدەکات یان "ئێمە"ی موسوڵمانەوە. راناوەکانی "ئەو" و"ئەوان"یش بەتایبەتی لە بەشی کۆتاییدا کە باسی ئاینی جوولەکەیە بەکارهاتوون. "ئەو" بۆ موسا پەیامبەر و "ئەوان" بۆ شوێنکەوتوانی موسا و بەنی ئیسرائیل. کەواتە ئەو راناوانەی کە زیاتر بەکارهاتوون بریتین لە " ئەو، ئێمە، من، ئێوە، ئەوان، تۆ". مەبەست لێرەدا هەم راناوی سەربەخۆو هەم راناوی لکاوە.

### ٣.٢. ٦. کارەکتەرەکان:

کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم سێ کتێبە بریتین لەمانە: "مرۆڤ، خوا، پەیامبەر، موسوڵمان، شەیتان، موسی و جوولەکە، ئێزیدی". هەرچەندە موسی و پەیامبەرانیتر کەمتر لە ٣٠ جار ناویان هاتوە. ناوی "خودا" زیاتر لە ٤٢٠ جار دووبارە کراوەتەوە. لە کتێبی پۆلی دەدا کە خودا سەنتەرترەو زیاتر لە ٣٠٠ جار بەکارهاتووە، خوای بە گەورە وەسف کراوە. بۆنمونە لە وانەی نۆیەمی کتێبی پۆلی دەدا کە تەنیا دوولاپەڕەیە و ناونیشانی بابەتەکە بریتییە لە "مرۆڤ وکۆمەڵێك سیفاتی گرنگ"، و دەبوایە زیاتر لە سەر مرۆڤ جەختی بکردایەتەوە، نزیکەی ١٢ جار ناوی خوا هاتووە، جگە لە خواپەرەستی، کەچی لەو ١٢ جارەدا تەنیا ٢ جار خوا بە پەروەردگار ناوی هاتوە. ئەو ١٠ جارەکە خودا خوای گەورەیە و لێرەوە دەگەینە ئەوەیکە کە خودا لای نووسەرانی کتێبی پۆلی ١٠ گەورەبوونەکەی گرنگییەکی زیاتری هەیە. واتە لەناو هەموو ئەو سیفەتانەی کە خودا هەیەتی سیفەتی گەورەیی و دەسەڵاتەکەی فۆکەسی زیاتری لەسەر دەکرێ. لە وانەی یەکەمی هەمان کتێبدا کە تەنیا سێ لاپەڕەونیوە نزیکەی ٣٠ جار ناوی خوا هاتوە کەچی تەنیا یەك جار ئاماژە بە لێبوردن وبەخشندەیی خودایە. لە کتێبی پۆلی یانزەدا ناوی "پەروەردگار" و ئەم سیفەتانەی کە زیاتر لە گوتار و ئەدەبیاتی عیرفانی و ئەهلی تەسەوفدا یان لە ژێر کاریگەری عرفانی ئیسلامیدا دەدرێنەپاڵ خودا بە بەراورد بە کتێبی پۆلی دە زیاتر بەکارهاتوو.

"پێغەمبەر(د.خ)" نزیکەی ١٤٠جار لە هەردوو کتێبی پۆلی دە و یانزەدا بەکارهاتووە. "موسا"ش نزیکەی٢٠ جارێك لە بابەتی ئاینی جوولەکەدا ئاماژەبە ناوەکەی کراوە. "شەیتان"یش یەکێکیترە لەو کارەکتەرانەی کە تەنیا لە کتێبی پۆلی دەدا نزیکەی ٢٤ جار ئاماژەی پێکراوە. "شەیتان" وەك جنۆکە، شەیتان وەك بەڕێدالادەری موسوڵمان لەسەر رێگە، شەیتان وەك بوونەوەری زیندوو، شەیتان وەك دوژمنی مرۆڤو شەیتان وەك رازێنەر. بەڵام لە کتێبی پۆلی یانزەدا ناوی شەیتان نابینرێتو گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێ. لە کتێبی پۆلی دوانزەشدا رەنگی شەیتان بە تەواوەتی کاڵ دەبێتەوە و وەك وتمان ئیدی مرۆڤ ـ مرۆڤ دەبنە کارەکتەری سەرەکی.

لەو بەشەدا کە بۆ بابەتی ئەخلاق تەرخانکراوە، نزیکەی ٢٥ جار باسی رەوشت و رەوشتبەرزی کراوە کەچی یەکجار ناوی قوتابیو مامۆستا ئاماژەی پێکراوەو لەو بەشەتایبەتەدا کە یەك پاراگرافی لە لاپەڕە ٤٣ دا بۆ تەرخان کراوەو باسی قوتابیو ئەخلاقی پەروەردەکار دەکات، ئەمە نووسراوە: "بۆیە پێویستە ئەوانەی پەروەردەی رەوشتی کەسانی دیکە دەکەن، هەوڵبدەن خۆیان لەو رووەوە نموونەو پێشەنگ بن و ئاسەواری ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن بە ژیانو رەفتاریانەوە دیاربێت. ئەرکی سەر شانی هەر باوەڕدارێکیشە برا بێت یاخود خوشكو باوكو ماموستاو کاربەدەستو خاوەن هەر پیشەیەك بێت.

### ٣.٢. ٨.شوێنەکان

ئاماژەکردن بە شوێن لەناو هەر دەقێکدا نیشانەی گرنگی و بایەخی ئەو شوێنانەیە لە روانگەی نووسەرانی هەر بەرهەمێکەوە. ئەو شوێنانەی کە نووسەرانی ئەو سێ دەقە زۆرترین گرنگیان پێداون بریتین لە : (دوارۆژ، دنیا، دۆزەخ، بەهەشت، خێزان، پەرستگای

لالش). کەمترین جار باس لە "قوتابخانە" و "کوردستان" کراوە. هەرچەندە باسی کوردستان لە بابەتەکانی وەك ماف چارەی خۆنووسین و چەمکەکانی دیکەی وەك دادپەروەری و یەکسانی و دیموکراسی و هتد بە ناڕاستەوخۆ کراوە.

**شیکردنەوەی کتێبەکان لەڕووی فۆرم و داڕشتنەوە:** ئاماژەیەك کورت بە لایەنی فۆرمیی و داڕشتن و دیزاینی ناوەوەو دەرەوەی کتێبەکان و وێنەکان یارمەتیدەرێکی باشە بۆ گەشتن بە شیکردنەوەیەکی بابەتیانە و بڕیاردان لەسەر ئەوەیکە ئایا ئەم سێ کتێبە ئەسڵەن دەکرێ ناوی دەقیان لێبنرێ و ئەگەر دەکرێ ئایا لە چ ئاستێکدا دەکرێ پۆلێنبەندی بکرێن؟

با سەرەتا لە "**قەبارە و بەرگی کتێب**"ەکانەوە دەست پێبکەین. کتێبی پۆلی دەیەمی ئامادەیی١١٢ لاپەڕەیە، لە کاتێکدا کە کتێبی پۆلی یانزە تەنیا ٩٠ لاپەڕەیە و کتێبی پۆلی دوانزە دەبێتەوە بە نزیکەی ٧٠ لاپەڕە. وەك دەزانرێ ئاستی قوتابی لەرووی تەمەن، لایەنی هزری و ئەقڵییەوە ساڵ دوای ساڵ گەشە دەکات و پرۆگرامەکانی خوێندنیش ساڵ دوای ساڵ گۆڕانکاریان تێدا دەکرێ، واتە بە زمانێکی سادە لە دەقێکی سادەترەوە بەرەبەرە ئاڵۆزتر دەبێت. بەڵام لە کتێبەکانی پۆلی دە و یانزە و دوانزەی قۆناغی ئامادەیی هەر لە ژمارەی بابەتەکانەوە تا ژمارەی لاپەڕەکان و تەنانەت نوسینی زمانەوانی و ڕەوانبێژییەوە پێچەوانەیە.

هەر کتێبێك "**پێشەکی**"یەکی هەیە. بەڵام پێشەکی ئەم سێ کتێبەی پرۆگرامی پەروەردەوفێرکردن قوتابخانەکانی هەرێم تەنیا یەك پێشەکییە. یەك پێشەکی بۆ سێ کتێب و سێ ئاستی تەمەن و بیرکردنەوە. بە بێ ئەوەی مەرجەکانی نووسینی پێشەکیشی تێدا پەیرەو کرابێت.

بەکارهێنانی "**سیمبول**"ەکانی نوسین: لەم سێ کتێبەدا و بەتایبەتی لە کتێبی پۆلی دەدا ئێمە ڕووبەرووی قەیرانی خاڵ دەبینەوە. هەر لە پێشەکییەکەوە بیگرە کە پاراگرافی یەکەم لە دێری یەکەمەوە کە دەست پێدەکات هەتا ١٢ دێڕ بەبێ خاڵ بەردەوام دەبێت. هەموو ئەو هێمایانەش کە بەکارهاتوون ئەم ٤ هێمایەن: [(( )) ؟ ، ( ) و . ] . ئیدەی هێماکانیتر گرنگیان پێنەدراوە. بۆ ئامرازەکانی پەیوەندی وەك "ی"و"و"، بەبێ هیچ پێوەرێك بۆ هەندێ وشە یەك "ی" خراوەتەسەر وەك"شتە وەهمیەکان"، بەڵام زۆرکات دوو "ی" خراوەتەسەر وشەکان وەك"کۆمەڵایەتییەکان". بۆ "و" بەهەمانشێوە هەندێجار "و"ی ئامرازی پەیوەندی نزیك بۆتەوە لە کۆتا پیتی وشەی پێشووەوە، هەندێجار نەخێر. وەك لێرەدا لەیەك ڕستەدا هەر دوو جۆرەکە دەبینرێت" ناو و ناوبانگی هەرێم و..". دوای "ناو"، "و" نزیك نییە لێیەوە، بەڵا دوای هەرێم نزیکە.

لە ڕێنووسی نوێدا ئەو "**وشانە**"ی کە لە دوو وشە پێکدێن، دەخرێنەسەر یەك و پێکەوە دەنووسرێن، بەڵام لە کتێبی پۆلی دەدا ئەم ڕێسا نوێیە پیادەنەکراوە و پڕە لەو وشانەی کە بەجیا نووسراون بۆ بۆنمونە: بەختەوەر کردن، پێ دەبەخشن، لە دەست دان، بڕیار لەسەر دراو... ئەمە جگە لە هەڵەکانی نووسین و تایپ وەك لە لاپەڕە ٣ دا لە جیاتی پەروەردە دەنوسێت پەروەرە. لەرووی ڕێکخستنی "**پاراگراف و بابەتەکان**"ەوە، هەر پاراگرافێك کە دەستپێدەکات، چەن سپەیسێك کە دوو سپەیس یان زیاتر دەبن نووسینەکە دەڕواتە پێشەوە، بەڵام وەك لەبەرچاوە پاراگرافەکانی کتێبی پۆلی دە لە زۆرحاڵەتدا ئەم ڕێسایەی جێبەجێکردووە، کەچی کتێبی پۆلی یانزە بەهیچ جۆرێك پابەندی ئەم ڕێسایە نەبووە.

ڕێکخستن و هەماهەنگی لە نێوان "**پاراگرافەکاندا**" لە کتێبی پۆلی دەدا بەتایبەتی دەبینین ناونیشانێك بەناوی ڕاستی مرۆڤ هاتووە، کەچی دوای ئاماژەدان بەتواناکی مرۆڤ، دوای سێ لاپەڕە یەکسەر دەڕواتە سەر بابەتی خوێندن و گرنگی زانست. لەوەش گرنگتر باسی جیاوازی جێندەری لە نێوان کوران و کچاندا دوابەدوای باسی گرنگی زانست و زانستەکە دێت. لەکاتێکدا بابەتی یەکسانی جێندەریی خۆی بۆخۆی بابەتێکی زۆرگرنگە و نابێ لەناو بابەتێکیتردا ئاوها بە کرچوکاڵی باسی بکرێت.

لەرووی نەبوونی هەماهەنگی "**ناونیشانی بابەت و ناوەڕۆکی بابەتەکان**"یشەوە دیسان هەمان کێشە لەناو کتێبەکاندا دەبینرێت. بۆنمونە، تایتڵی وانەی سێیەمی کتێبی پۆلی دە بریتییە لەمە"ئامانج لە ژیان و حەقیقەتی دونیا و دوارۆژ و چارەنووسی مرۆڤ لە روانگەی ئیسلامەوە". ئەم تایتڵە خۆی هەڵگری سێ ناونیشانە کە هەریەکەیان دەبێ سەربەخۆ ئاماژەیان پێبکرێت.

نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان "**بابەتەکان و ڕێکخستنی بابەتەکان**". بۆ نمونە لە لاپەرە ٩٥ ی کتێبی پۆلی یانزەدا لەسەرەوەی لاپەڕەکە نووسراوە"ئەرك و مافەکانی ئەندامانی خێزان" کە چەن خالێك لەخۆ دەگرێت و خاڵی یەکەمی لە هەمان لاپەڕەیەدایە کە بریتییە لە "مافەکانی ژن و پیاو"، کەچی لە لاپەرە ٩٦دا راستەوخۆ کە لاپەڕەکە هەڵدەدەیتەوە نووسراوە "وانەی بیست و حەوتەم " پاشان لە خوارەوە نووسراوە" دووەم . "مافەکانی منداڵ لە خێزاندا"، " ئنجا لە تایتڵێکیتردا "ماف منداڵ بەسەر دایك و باوکەوە". بەم هەموو تایتڵەوە چۆن قوتابی دەتوانێت بەباشی بابەتەکە پۆلێنبەندی بکات و لە بابەتەکە تێبگات.

تێکەڵی و نەبوونی هەماهەنگی لە "**هەڵبژاردن و دانانی بابەتەکان**"دا زیاتر لە کتێبی پۆلی دەدا بەزەقی دیارە تا پۆلی یانزە و دوانزە. بۆ نمونە و هەڵبەت بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ئایا بە چ کەسێ دەکرێ بوترێ "گەنج" و ئایا "قوتابی" پۆلی دە دەتوانرێت بە گەنج ناوزەد بکرێت یان نا، وانەی بیست و دوو لە لاپەڕە ٦٨دا باس لە سیفەتەکانی گەنجی موسوڵمان دەکات. بەڵام دیسانەوە و لە لاپەڕە ١٠٥دا بەشێکی سەربەخۆ کە پێکدێت لە پێنج لاپەڕە بۆ هەرزەکار تەرخان دەکاتەوە. جگە لەوەش کە تێبینییەکی زۆرهەیە لەسەر ئەوەیکە ئایا رەوایە و گونجاوە ئەو کەسەی کە دەقەکەی ئاراستە دەکرێ بە هەرزەکار دابنرێ؟ ئایا خوێنەر خۆی پێی خۆشە بەو ناوەوە بانگ بکرێ؟ چونکە وەك دەزانین هەرزە جگە لە پێناسە بۆ ئەو تایپە لە تەمەن، واتا و روویەکی نێگەتیڤیشی هەیە کە بریتییە لە کەسێکی کاڵفام و زۆرجار وەك جنێو یان تانەوتەشەر لە کلتوری کوردیدا بەرامبەر بە کەسان بەکاردەهێنرێت.

"**وێنەکان**". کتێبی پۆلی دەدا، ١١٢ لاپەڕەیە و لەو ژمارەیە ١٠٠ لاپەڕەی نووسینە. بەڵام کتێبی پۆلی یانزەدا لە کۆی ٩٠لاپەڕە تەنیا ٧١ لاپەڕەی نووسینە. لە کتێبی پۆلی دەدا لە حەوت شوێندا کە سەرەتای وەرز و بەشەکانە "**زەخرەفە**"ی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام هەر حەوتیان دووبارەن و هیچ جۆرە زەوق و سەلیقە و فرەچەشنییەکی تێدا بەکارنەهاتووە. لە سەرلەبەری کتێبی پۆلی دەدا تەنیا یەك وێنەی تیدایە کە ئەویش نووسراوە "محمد صلی الله علیه و سلم". هێڵکاری، خشتە، چالاکی، وێنەیەکی پراکتیکی و پەیوەندار بە قوتابی، مامۆستا و قوتابخانە و کوردستان و پیاوانی ئاینی و کەڵەپیاوانی شاعیر و شیخ و مەلای کورد کە موسوڵمانان ئەم وڵاتە شانازیان پێوەدەکەن، بوونی نییە. تەنانەت ئەو وێنەیەش کە بەکارهاتووە، بێناونیشان و ژمارەیە و مۆرکێکی کوردیی پێوەدیار نییە.

لە کتێبی پۆلی یانزەشدا دیسان حەوت زەخرەفەی دووبارە هەیە تەنیا گۆڕانکارییەك کە تیایاندا کرابێت سایزەکەیان ژمارەیەك یان دوو ژمارە گەورە و بچووك کراوە. وێنەکان لێرەش بێناونیشان و بێ ژمارەن. واتە وێنەی مزگەوتێکی تیایە کە نازانرێت ئەم مزگەوتە هی کوێیە و چ وڵاتێکە. تەنیا وێنەیەك کە ناوی هەبێت بەڵام ئەویش بێناونیشان و بێ ژمارە بێت وێنەی کنیشتێکی جوولەکەکانە.

لە لاپەرە ٩دا یەك "**وێنە**"ی تیایە کە نووسراوە "الله اکبر"، تا لاپەڕە ٢٩هیچ وێنەیەکی تیانابینیت، دواتر لە لاپەڕە ٢٩دا وێنەی مزگەوتێکی بێناونیشانە کە تەنیا لە یەك رەهەندەوە وێنە گیراوە. وێنەکەش بەشێکی کەمی پێشەوەی مزگەوتێکە لەگەڵ منارەکەیەوە. لە لاپەرە ٣٠دا یەکسەر بەبێ هیچ جۆرە هەماهەنگییەکی دیزاینی و واتایی لەگەڵ ئەوەیکە بابەتەکە باسی نزاو مەرجەکانی دەکات، جارێکیتر وێنەیەکی تیدایە کە نووسراوە"الله". واتە لە یەك پەڕەدا دوو وێنە. تا لاپەڕە ٤١ وێنەی تیا نییە، لە لاپەڕە ٤١دا وێنەیەکیتر هەیە کە دیسان نووسراوە "الله". جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نووسینی هەر دووکیاندا نییە تەنیا لەوێنەکەی ئەمجارەدا "ا"ەکە لە ناوەڕاستدا نییە. دیسان لە لاپەڕە ٤٤دا وێنەیەکی "لا اله الی الله" هەیە کە ئەگەر کەسێك زۆر شارەزای خەتتاتی نەبێت ئەستەمە بتوانێت بیخوێنێتەوە. لێرەشەوە ئیتر وێنەی تێدا نییە تا لاپەڕە ٦٩، هەمان وێنەکەی پێشوو بەڵام بەیك سایز گەورەتر دیسان دەردەکەوێتەوە. یەکێك لەو وێنانەی "لا اله الی الله" ش لەناو وانەی شانزەیەمی کتێبی ئاینی یانزەدا دانراوە کە باسی ماف

چارەی خۆنووسینە. ئەو وێنەیەش کە دوو پیاوی کڵاوبەسەرن و خەریکی نزاکردنن، دیسان وێنەی بێناونیشانن و تەنانەت کەسانی ناو وێنەکە پێناچێت کوردبن. وێنەکەش لە جیاتی ئەوەی لەناو بابەتی نزاکردندا دابنرێت، لە کۆتایی بابەتی بەختەوەریدا دانراوە.

دابەشکردنی **"لاپەڕەکان و دێڕەکان"** یەکێکە لە تەکنیکەکانی داڕشتنی دەق و کتێبەکان. لەم سێ کتێبەدا ژمارەی دێڕەکانی هەر لاپەڕەیەك لە هەندێ شوێندا دەگاتە ٣١ دێر یان زیاتر. بۆ نمونە لە لاپەڕە ١٥ کتێبی پۆلی یانزەدا ژمارەی دێڕەکان ٢٩ دێڕە. بەڵام لە دوو لاپەڕەکەی دوای ئەودا هەر دوو لاپەڕەکە تا نیوە نووسراوەتەوە و لاپەڕەکان بەخاڵی ماونەتەوە. هەماهەنگی لە سایزی فۆنتەکانیشدا نییە و لە یەك لاپەڕەدا بە دوو سایز نووسراوە، بۆنمونە لە لاپەڕە ٦١و٦٢ی کتێبی پۆلی دەدا.

**٤. ١. شیکردنەوەی کتێبەکانی پۆلی دە و یانزە و دوانزە لە ئاستی راڤە(تفسیر)دا:**

لە روانگەی شیکردنەوەی گوتارەوە دەقەکان و گوتارەکان خاوەنی مێژوون. واتە هەر دەقێك پەیوەستە و بەستراوەتەوە بە سەردەمێکەوە کە هەم کاریگەری لەسەری هەیە و هەم لەژێر کاریگەری ئەودایە. وەك فرکلاف لە زاری کریستۆڤاوە دەگوازێتەوە: بابەت، بابەتی خستنەناوی مێژوو(کۆمەڵگە)ە لەناو دەقداو خستنەناوی دەقە لەناو مێژوودا. لێرەوە ئیتر بابەتی نێواندەقی دێتەناوەوە. چونکە هیچ دەقێك بەتەنیا نییە و کار و کاریگەری لەسەر دەقەکانیتر هەیە و دەکەوێتەژێر کاریگەری ئەوانیشەوە.

پاش راپەڕینی نەوەدویەکی خەڵکی کوردستان، ئەو کاتەی کە هەم هێزە ناسیۆنالەکان رەگیان بەناو مێژوو و کلتور و هزر و خەباتی میللەتی کورددا رۆشتبوو، هەم ئیسلامییەکانیش بەتایبەت بزوتنەوەی ئیسلامی و رەوتێکی رانەگەیەنراو کە دواتر ناوی یەکگرتووی ئیسلامی لەخۆنا، خۆیان بۆ بەشداریکردن لە هەموو کایەکان و گەمەکان تەیارکردبوو. لەوکاتەوە ئیتر مشتومڕو ململانێیەکی سەختیش لە نێوان هێزە سێکۆلارەکان، لەگەڵ یەکتر و لە دژی ئیسلامییەکان سەریهەڵدا. ئەم ململانێ و دژایەتی ئاینە کە رەنگە ریشەکەی زیاتر بۆ کاریگەری ئایدیۆلۆجیای مارکسی لینینی بگەڕێتەوە تا هەڵقوڵاوی سترەکچەری مێژووی و کلتوری و ئاینیی کۆمەڵگەی کوردی بێت، هێندە سنوورەکانی دەبەزاند کە کار دەگەشتە ئەوەیکە پێویستە وانەی ئاینی ناو پرۆگرامی قوتابخانەکانیش گۆڕانکاری تێدا بکرێت یان نەهێڵرێت. هەتا لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا ئیدی مشتومڕەکە هەڵبەت دوور لە چاوی میدیاکان و لە ترسی رای جەماوەر، گەشتە رادەیەك کە وەزیری پەروەردە پێشنیازی نەهێشتنی ئەم وانەیە بکات بە ناوی "ئاین" و بکرێت بە "ئاینەکان" و ئیسلامیش وەك هەموو ئاینەکانیتر تەنیا مێژوویەکی کورتی بنووسرێتەوە و بخوێنرێت. لەوکاتەدا لەناو رەوتە ئیسلامییەکانیشدا رەوتی میانەڕە و رادیکاڵ و سەلەفی جیهادیش بوونیان هەبوو. بۆیە یەکێك لە وەزیرەکانی سەربە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەناوی ابوبەکر عەلی وەك خۆی دەڵێت، وەك ئەرکێکی ئەخلاقی و ئاینی هەڵدەستێت بە نووسین و سەرپەرشتیکردنی داڕشتنەوەی پرۆگرامی ئاین و ئایینناسی بۆ قۆناغی ئامادەیی بەتایبەتی، لەگەڵ دکتۆر بەشیر حداددا. ئەم سێ کتێبە بەرهەمی ئەو هەوڵەیە، هەرچەندە ناوی ئەم نووسەرە لەسەر کتێبەکان نەنووسراوە و دواتر باسی بۆمان دەردەکەوێت کە هۆکاری ناونەهێنانی نووسەری سەرەکی ئەم دەقانە چییە و چ پەیوەندییەکی بە دەسەڵات و ئایدیۆلۆجیا و گوتارەوە هەیە. لە قۆناغی راڤەدا باسی گوتاری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە پوختی دەکەین و دواتریش لە قۆناغی روونکردەوەدا بە قوڵی رۆدەچینە ناو ئایدیۆلۆجیای باڵادەست و گوتارەکانی ناو هەر سێ کتێبەکەوە.

**قۆناغی راڤە**، نەزمی گوتاریی و نێوانگوتاری کە نێواندەقیش بەشێکەلێی دەگرێتەوە. قۆناغی راڤە هەم پرۆسەکانی بەشداریکەرانی گوتار و هەم راڤەی دەق دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا ئێمە بەدوای ئەوەوەین کە راڤەکاران چۆن کۆنتێکستی دەقیی راڤە دەکەن و چۆن ئەم جۆرە راڤەیەش گوتارەکە دیاری دەکات. ئەمانەوێ بەگوێرەی میتۆدەکەی فرکلاف بزانین لەم رووداوەدا چ باسە؟ چ کەسانێك لەم باسوخواستەدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن ؟ پەیوەندی نێوانیان چییە و زمان چ رۆڵێك دەبینێت؟ بۆ وەڵامی پرسیارگەلی لەمچەشنە دەکرێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە لەم رووداوە پەیوەندییەدا چ دژیەکی و ململانێیەك لەناو گوتارەکاندا هەیە و بەپێچەوانەوە؟ کۆنتێکستی دۆخیی بەشداربووان چ جۆرێکە؟ چەن جۆر بەشداربوو لەم سێ کتێبەدا بەدی دەکرێ؟ نووسەر خاوەنی چ جۆرە

گوتارێکە؟ لەم هەنگاوەدا زەمینەی هاوبەشی کۆنتێکستی نێواندەقی و نێوانگوتاری کە لە بەرهەمهاتنی ئەم دەقانەدا بەشدار و کاریگەرن تاوتوێ دەکرێن؟ سەرەتا وبەکورتی شەنوکەوی هەموو ئەو گوتارانەمان کرد کە لە رووی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریان لەسەر ستراکچەری کۆمەڵگە و هەروەها رەنگدانەوەیان هەبووە بەسەر بەرهەمهاتنی ئەم دەقانەدا.

بۆ ئەمەش پشتمان بەهەندێ سەرچاوەی نووسەرانی کورد تا رۆژهەڵاتناسانی وەك رندل بەست كە پێی وایە "کوردەکان هەرگیز میللەتێکی یەکگرتوو نەبوون، هەمیشە دوچاری دووبەرەکی قووڵ بوون و لەبەر مەیلیان بۆ خیانەت لەیەکتر هەمیشە زەرەرمەند بوون"(رندل، ١٣٨٣: ١٧-١٨).

دەکرێ بڵێین لەسەرەتای سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە بە تایبەت لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دوو ئایدیۆلۆژیا هەژموونیان بەسەر حزبە و کۆمەڵە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان و بەتایبەت باشوری کوردستاندا هەبووە کە ئەوانیش ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم - کۆمۆنیزم بوون. بەمدواییەش ئایدیۆلۆژیای ئیسلام و حزبەئیسلامییەکان. بەڵام بەشێوەیەکی وردتر ئەگەر سەیربکەین دەبینین ئەم دوو ئایدیۆلۆژیایە پاش ئەو هەموو هەورازونشێویانەی کە حزبەکان و کۆمەڵگەی کوردی پیایدا گوزەریان کردووە، و بەتایبەت لە دوای سەرهەڵدانی قۆناغێکی دیکە لە مێژووی رزگاریخوازی میللەتی کورد لە ساڵەکانی ١٩٧٥ بەدواوە و دواتر بەسەرهەڵدانی راپەرینی جەماوەریی میللەتی کورد فۆرمێکی دیکەیان وەرگرتووە و دوای پاشەکشێی یەکێتی سۆڤێت و شکستەکانی، شوێنی خۆیان بۆ دوو گوتاری سەرەکیتر کە بریتین لە گوتارەکانی ناسیۆنالیزم و دیموکراسی و رەهەندەکانیان وەك دوو دەرهاویشتەی مۆدێرنیزم و سیکۆلاریزم چۆڵکردووە.

### ١.٥. شیکردنەوەی گوتار لە ئاستی روونکردنەوەدا(تبیین)

ئێستا کە دەقەکانمان لە قۆناغی شیکردنەوەی گوتاری لە هەر دوو ئاستی وەسف و لە ئاستی راڤەدا چ وەك دەق و چ وەك پرەکتیزی گوتاریی شیکردەوە، سەرەی ئەوە هاتووە کە فۆکەس لەسەر پرەکتیزی کۆمەڵایەتی بکەین کە هەر دوو قۆناغەکەی تریش هەر بەشێکن لەم قۆناغە و لێرەوەیە کە ئیتر لە رێگەی پەیوەندی نێوان پرەکتیزی گوتاری و پرەکتیزی کۆمەڵایەتییەوە وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگانە دەدرێنەوە کە پەیوەستن بە گۆڕانکاری و دەرکەوتە ئایدیۆلۆجییەکانەوە. فرکلاف گەشتن بەم چەن پرسیارەی بەلاوە زۆرگرنگە. ئایا پرەکتیزی گۆتاری کە بریتییە لە شیکردنەوەی جۆری بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی دەق، نەزمی گوتاریی بەرهەم دەهێنێتەوە و بەمچەشنە یارمەتی پاراستنی واقعی پرەکتیزی کۆمەڵایەتی دەدات؟ یان نەزمی گوتاریی گۆڕاوە و بۆیە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیش دەکرێ گۆڕانکاری بەسەردابێت؟ دەرهاویشتە ئایدیۆلۆجی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پرەکتیزی گوتاری کامانەن؟ ئایا لە رێگەی نوێنەرایەتیکردنی واقعییەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێوەیەکی نوێ لەمپەر بۆ پەیوەندییەکانی دەسەڵات دروست دەکات؟

لەم قۆناغەدا ئێمە دەمانەوێ بزانین چۆن سترەکچەرەکۆمەڵایەتییەکان، گوتارەکە دیتێرماین(تعیّن) دەکەن. هەروەها کاریگەری گوتارەکان لەسەر بەرهەمهێنانەوەی ئەم سترەکچەرانە. ئایا گوتارەکە دەیەوێ گۆڕانکاری لە سترەکچەردا بکات یان دەیەوێ دەستی پێوەبگرێت و بیپارێزێت؟ مەبەستی فرکلاف لە سترەکچەرەکان پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە. لێکۆڵەر لە شیکردنەوەی گوتاردا هەوڵ دەدات گوتار وەك بەشێك لە خەبات و ململانێی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا ببینێت، ئەویش لە سێ ئاستی کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی و دۆخیدا.

- ئەم گوتارانە پەیوەستن بە کام لە پرۆسە دامەزراوەییەکانەوە؟
- ئەم گوتارانە پەیوەستن بە کام لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە؟
- ئەم گوتارانە پەیوەستن بە کام لە پرۆسە دۆخییەکانەوە؟

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم دەبێ بوترێ چوارچێوەی دامەزراوەیی هەر سێ کتێبی پۆلی دە و یانزە و دوانزە کە هەڵگری چەندین گوتاری جیاوازن، گشتگیرەو تایبەت نییە بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە.

بۆ وەڵامدانەوەی دوو پرسیارە سەرەکییەکەیتر کە ئەوانیش بریتین لەوەیکە ئەم گوتارانە پەیوەستن بەکام لە پرۆسە کۆمەڵایەتی و دۆخییەکانەوە، واباشترە سەرەتا لە خشتەیەکدا گرنگترینی ئەو گوتارانەی کە هەر سێ کتێبەکەیان بەرهەم هێناوە ئاماژە پێبکەین و پاشان ئەو گوتارانەی کە هاوبەشن لەناو هەرسێ کتێبەکەدا روونەدەکەینەوە و ئەنجا ئەم گوتارانە کە بەجیا یەکێك لە کتێبەکان فۆکەسی لەسەر کردووە.

| گوتارەکانی کتێبی پۆلی دە | گوتارەکانی کتێبی پۆلی یانزە | گوتارەکانی کتێبی پۆلی دوانزە |
| --- | --- | --- |
| ١-ریز و کەرامەتی مرۆڤ و گەردوونی ئامانجدار“٢- ئازادی و ئیرادە لە هەڵبژاردنی دین“٣- رێز لە ئەوانیتر و ئاینەکانیتر“٤- یەکسانی ئاین و نەتەوە“ ٥- لێبوردنی ئاینی و نەتەوەیی کەمەبەستی پێکەوە . هەڵکردنە“ ٦- میانەڕەوی“ ٧-خۆشەویستی“ ٨-خێزان و ئەرك و ماف ئەندامەکانی بەرامبەر بەیەکتر. ٩- ئیجتیهاد. | ١-ریز و کەرامەتی مرۆڤ“٢-یەکتاپەرەستی“٣- ئەخلاق“ ٤- یەکسانی مرۆڤ، ٥- مافەکانی مرۆڤ“ ٦- دادپەروەری، ٧- یاساسەروەری“ ٨-ئازادی رادەربرین“ ٩- ژینگەپارێزی“ ١٠- پێکەوەژیان“١١- فرەیی“١٢- ماف چارەی خۆنووسین و دەوڵەت “١٣- گفتوگۆ و دیالۆگ“ ١٤- ئاینی جوولەکە | ١-دادپەروەری“ ٢- یەکسانی(ژن و پیاو، دادگا، گەل و نەتەوایەتی و دەسەڵات)“٣- ئیجتیهاد و پیادەکردنی حوکمێکی شەرعی بەپێی مێژوو و شوێن“٤-دژایەتی ستەم“٥- ئاشتی و ناتوندوتیژی“٦-چاکسازی“٧-ماف هەژاران“ ٨-دیموکراسی“ ٩- سیستمی پەرلەمانی و دەستور“ ١٠-ئۆپۆزسیۆن“١١- فاشیزم“ ١٢-یەکسانی گەل و نەتەوەکان“ ١٣- ئاینی ئێزدی. |

خشتەی ژمارە ٢. گوتارەکانی نێو کتێبەکانی پۆلی ١٠و١١و١٢

### ٢.٥. گوتارە سەرەکییەکانی هەر سێ کتێبی پۆلی ١٠و١١و١٢.

گوتارە سەرەکییەکانی هەر سێ کتێبەکە لە چەن خاڵێکدا روون دەکەینەوە:

#### ٢.٥. ١. ڕێزو کەرامەتی مرۆڤ.

گەڕانەوەی شان و شکۆ بۆ مرۆڤ، نزیکەی ٦٠٠ جار ئاماژەکردن و ناوهێنانی "مرۆڤ" بە پێشگر و پاشگرەکانییەوە، وەك مرۆڤبوون، مرۆڤایەتی، مرۆیی، لە هەر سێ کتێبەکەدا کە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئێمەن، ئاماژەکردن بە پێگەو شوێنگەی مرۆڤ وەك خۆی و لە روانگەی ئاینەوە، هەروەها هاوبەندی و گەڕانەوەی ئەم ڕێز و کەرامەتەی بۆ خودای گەورەوە، هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی پێمان بڵێ کە مرۆڤ جێنشینی خوایە لەسەرزەوی. مرۆڤ شایەنی ڕێزە و کەرامەتی، مرۆڤبوونی، هەست و کەسایەتی و خوێن و سەرو ماڵی دەبێ پارێزراو بێ و خوداش بۆیە ئەوەندە جەختی لەسەر کردۆتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ سەنتەربێت "ولقد کرمنا بنی آدم" و هەموو ئەو کوشتار و بێرێزیەی بەرامبەر بە مرۆڤ دەکرێ خوا و دین لێی بێبەرین.

لە کتێبی پۆلی دوانزەدا بەتایبەتی ئیدی بابەتەکان دەبنە بابەتگەلی مەعریفی و کاتێ باسی بابەتەکانی وەك دادپەروەری، چاکسازی، ستەم و هتد دەکات تەنیا یەك لایەنی بابەتەکە روالەتی بابەتەکە ناورووژێنێت بەڵکو بە بنج و بنەوانای خودی چەمکەکەدا دەچێتەخوارەوە و بەباس و پێناسەی چەمکەکە لەروانگەی ئیسلامەوە وازناهێنێت بەڵکو وەك مەقولە و بابەتێك لە دەرەوەی گوتاری دینیش سەیری دەکات و هەوڵی ئیسلامیکردنی چەمك و بابەتەکە نادات. بۆ نموونە وانەی یانزەی کتێبی پۆلی دوانزە باس لە ئیسلام و دیموکراسی دەکات، ئیدی هەر لەسەرەتاوە باسی دیموکراسی دەکات وەك خۆی و نایەوێ بەرگی ئیسلامی و ئایدیۆلۆجی بکات بەبەردا. بۆ نموونە لە لاپەرە ٤٩ی کتێبی پۆلی یانزەدا باس لە پێناسەی مافەکانی مرۆڤ دەکات بە گەڕانەوە بۆ جاڕنامەی مافەکانی

مرۆڤ كه له ساڵی ١٩٤٨دا دەرچووە كه بریتییه لەوەیكه " داننان به كەرامەتی خواپێداو یەكسانی مرۆڤەكان وە به مافه چەسپاوە یەكسانەكانیانكه بریتییه له بناغەی ئازاد، دادپەروەری و ئاشتی له جیهاندا". له بەیاننامەی نێودەوڵەتی مافه مەدەنی و سیاسییەكانیشدا كه له ساڵی ١٩٦٦ دار دەرچووە، هەمان بۆچوون دوبارە دەكاتەوە و تیایدا هاتووە" هەموو ئەو مافانه له كەرامەتی یەكسانی مرۆڤەكانەوە سەرچاوەی گرتووە".

**٢.٢.٥. ئازادییەكان.**

لەم سێ كتێبەدا ئەو مافا و ئازادیانەی كه فۆكەسیان لەسەر كراوە بریتین له یەكەم، ئازادی له باوەڕبەخوابوون و باوەڕنەبوون بەخوا، دووەم، ئازادی ئیرادە و ئازادی له هەڵبژاردنی خێزان(بۆ ژن و بۆ پیاو)، سێیەم، هەڵبژاردنی ئاین و چوارەم، ئازادی رادەربڕین. له كتێبی پۆلی دەدا ئازادی ئیرادە ١٢جار، ١٣جار ئازادی له بڕیاری هاوسەرگیری ئاماژەی پێكراوە. له كتێبی پۆلی یانزەدا ئازادی رادەربڕین ١٥جار، ئازادی باوەڕیش ٤جار فۆكەسی لەسەركراوە.

له كتێبی پۆلی دەدا ئاوا باس له ئازادی جۆری یەكەم كراوە: خودا "ئازادی تەواوی به مرۆڤەكان داوە چ ڕێگەیەك هەڵدەبژێرن و بۆ هیچ هێزو دەسەڵاتێك نییه زۆریان لێبكات، چونكه له ئیسلامدا باوەرهێنان ئازادە و زۆرلێكردنی تێدانییه." له لاپەرە٨١دا هەروەها باس له ئازادی باوەڕ دەكات و به ئایەتی "و قل الحق من ربكم فمن شاءفلیومن و من شاءفلیكفر". له شیكردنەوەی ئایەتەكەشدا وەك یەكێك له كۆڵەكەكانی لێبودن له ئیسلامدا باس لەوە دەكات كه دەبێ بەچاوی مرۆییەوە سەیری بەرامبەرەكانیان بكەن به باشترین شێوە گفتوگۆیان لەگەڵ بكەن.

بۆ ئازادی بیروباوەڕ و دینیش دیارە كه ئایەتی "لا اكراه في الدين" وەك كۆڵەكەی مافی ئازادی باوەڕ و هەڵبژاردنی دین هەر له یەكەم بابەتی كتێبی پۆلی یانزەدا ئاماژەی پێكراوە. له لاپەرە ٥٨ی كتێبی پۆلی یانزەدا وەك بابەتێكی سەرەكی و كۆڵەكەی سەرەكی ئیسلام پێناسەی ئەمجۆرە له ئازادی كراوە" واته مرۆڤ ئازاد بێت له هەڵبژاردنی بیروباوەڕ و ئاین و بۆ هیچ هێز و دەسەڵات و كەسێك نییه كه له دەرەوەی قەناعەت و ئیرادەی ئازادی خۆیەوە و بیروباوەڕێكی بەسەردا بسەپێنێت".

بۆ ئازدای بیرورادەربڕینیش دەڵێت" مرۆڤ بەراشكاوی یاخود به ئاماژە ئازاد بێت له دەربڕینی ئەو بیروباوەڕەی هەیەتی جا بەزمان بێت یان بەنووسین یان به هەر هۆیەكی دیكەی راگەیاندن و بڵاوكردنەوە. یەك لەو بەڵگانەش كه وەك سەڵمێنەرێك بۆ ئازادی بیروباوەڕ ئاماژەی پێدەكات مافی اجتهادە. له بابەتێكیتردا كه دژی بەكافركردن دەوەستێتەوە فەرموودەیەك دەهێنێتەوە كه واتاكەی بریتییه لەوەیكه "هەركەسێك تۆمەتی بەكافركردن بداتەپاڵ باوەڕدارێك وەك ئەوە وایه كه كەشتبێتی".

چوارەمجۆر له ئازادی كه ئەم سێ كتێبه فۆكەسیان لەسەر كردووە بریتییه له ئازادی له هەڵبژاردنی هاوسەر و ئازادی هاوسەرگیری كردن. ئەم سێ دەقه دەیەوێ ئەم نەریت و بۆچوونه باوە تێپەڕێنێت كه تەنیا پیاوەكانیان دەتوانن بڕیاربدەن و هاوسەر بۆ خۆیان هەڵبژێرن. له لاپەرە ٨٧ كتێبی پۆلی دەدا هاتووە" نابێت زۆر له هیچكام له هاوسەرەكان و بەتایبەتیش ئافرەت بكرێت كه دیاریكردنی هاوسەردا. زۆرلێكردن له بەشودان و ژنهێناندا نەریتێكی نەزانانه و دواكەوتوو و خێڵەكیی پێش ئیسلامه و دەبێت كۆتایی پێبێت. بۆ ئەمەش فەرمودەیەك ئاماژەی پێكراوە كه " لا تزوج الثیب حتی تستامر و لا تزاوج البكر حتی تستاذن". یان " لا تكرهوا البنات فانهن المونثات الغالیات". واته زۆر له كچان مەكەن چونكه خەمرەوێن و هاودەنگ و قەدردانن و چەندین ئایەت و فەرموودەیتر.

بۆ ئازادی دەربڕینی بیروباوەڕیش دیسان بەهەمانشێوە ئازادییەكی تەواو به مرۆڤەكان دەدات لەوەیكه ئازادانه بیروراكانی خۆیان دەربڕن و تەنانەت كاتێ مامەڵه لەگەڵ خاوەن ئاینەكانیتردا دەكرێت داوا له موسوڵمانان دەكات و قەدەغەیان لێدەكات كه بەهیچ شێوەیەكی نادروست مشتومڕ لەگەڵ ئەواندا بەكاریهێنن. هەروەها له كتێبی پۆلی یانزەدا "ڕێگری كردووە كه موسوڵمانان

دەستدرێژی بکەنەسەر پەرستگە و بیروباوەڕیان و بۆیان هەیە کە بەگوێرەی ئاینەکانی خۆیان بجولێنەوە". تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە حوکمی هەڵگەڕانەوەیان هەیە. لەم سێ کتێبەدا و بەتایبەت لە کتێبی پۆلی دەدا هەر جۆرە نایەکسانی و جیاوازییەك لە نێوان ژن و پیاودا رەت دەکاتەوە و بە نەریتێکی دواکەوتویی لەقەڵەم دەدات.

### ۲.۵. ۳. یەکسانیی مرۆڤ و ئاینەکان، یەکسانیی جێندەری.

لەم کتێبەدا زیاتر لە ۳٦جار باس لە یەکسانی مرۆڤەکان کراوە. لە کتێبی پۆلی دەشدا لەو شوێنانەی کە باس لە کەرامەتی مرۆڤ دەکات باس لە یەکسانی مرۆڤەکان دەکات وەك پێشمەرجێك بۆ کەرامەتی مرۆڤەکان و هەروەها جیاوازینەکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا. لە کتێبی پۆلی یانزەدا بابەتێکی سەرەکی بۆ یەکسانی وەك یەکێك لە بەها باڵاکانی ئیسلام تەرخان دەکات و ئاوها پێناسەی یەکسانی دەکات "بنەمای یەکسانی بنەمایەکی بنەڕەتیی ئاینە ئاسمانییەکان و بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤیشە، ئاینە ئاسمانییەکان جاڕی ئەوەیان داوە کە بەندەکان لەبەردەم خودادا یەکسانن، ئیسلام لە کەرامەت و مافەکاندا یکسانی لە نێوان خەڵکیدا بڕیاری داوە و هەر هەڵاواردنێك لەنێوان مرۆڤەکاندا لەسەر بناغەی رەنگ و نەژاد و رەگەز و زمان رەتدەکاتەوە". بۆ ئەمەش ئایەتێك وەك بەڵگە دەهێنێتەوە" هو الذی خلقکم من نفس واحد".

هەروەها لە هەمان بابەتدا ئاماژەبەوە دەکات کە " هەژار و دەوڵەمەندێك، سپی پێست و رەش پێستێك، کورد و عەرەب و هەر نەتەوەیەکی دیکە لەبەردەم یاسای خودادا یەکسانن، پێویستە ئەم هەست بەیەکسانیکردنەش لەناخی هەریەکەماندا بچەسپێت". یەکەمجۆر لە یەکسانی کە کتێبی پۆلی یانزەدا بەتایبەتی فۆکەسی لەسەر دەکات یەکسانییە لەبەردەم شەرع و یاسادا.

لە کتێبی پۆلی دوانزەشدا باس لە یەکسانی ئاینی دەکات لە نێوان شوێنکەوتوانی ئیسلام و ئاینەکانیتر و دەنووسێت " ئیسلام سەبارەت بە شوێنکەوتووانی ئاینەکانیتریش جگە لەوەی تایبەتە بە بیروباوەڕو پەرستن و کاروباری ئاینی تایبەت بە خۆیان و تیایدا ئازادن، بەهەمان گیانی یەکسانی مامەڵە دەکات و زاناکانیش رێسایەکی زێڕینیان بۆ ئەمە دارشتووە کە دەڵێت " لهم ما لنا و علیهم ما علینا". واتە لە ماف و ئەرکدا لەگەڵ یەکتر یەکسانین. کە بە زمانی ئەمڕۆ هەموومان هاوڵاتین و ئەندامی کۆمەڵگەین و هەمان مافی سیاسی و مەدەنیمان هەیە".

پۆلی دوانزەیەم وانەی دوانزەی بۆ یەکسانی گەل و نەتەوەکان تەرخانکردووە. هیچ نەتەوەیەك نەتەوەی هەڵبژێرراوی خودا نییە. هەموو جۆرە هەست و کردەوەیەکی رەگەزپەرەستانە و جیاکاری لە نێوان نەتەوەکاندا بە پشت بەستن بە ئایەتێکی قورئان کە تیایدا هاتووە " یا ایها الناس انا خلقنکم من ذکر و انثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا" قەدەغە دەکات و هەموو ئەم تیۆرانەی کە بەرجەستەی ئەم خاڵە دەکەن بە تیۆرە رەگەزپەرەستانەکان ناودەبات و رەتیان دەکاتەوە. لە کتێبی پۆلی دوانزەشدا یەك وانەی سەرەکی بۆ بابەتی یەکسانی تەرخان دەکات. لەم بابەتەیاندا سەرەڕای ئەوەیکە جەخت لەسەر بابەتی یەکسانی لە پۆلی یانزەدا دەکاتەوە، باس لە بابەتێکی جێی مشتومڕی دیکەی نێو گوتارە ئیسلامییەکان لە لایەك و گوتارە ئیسلامییەکان و سێکۆلارەکان لەلایەکیترەوە دەکات کە ئەویش یەکسانی جێندەرییە.

هەر لەسەرەتای بابەتەکەوە رەخنە لە گوتاری ئیسلامی هەندێ لە ئیسلامییەکان و بۆچوونەکان دەگرێت و بەو گروپانە ناوزەدیان دەکات کە تێگەشتنی روون و هەمەلایەنانەیان دەربارەی بنەماکان و بەهاکان و رۆحی ئەم ئاینە نییە و ئەم گروپانە پێیان وایە کە بنەما و بەهای یەکسانی لە ئیسلامدا ئافرەتان ناگرێتەوە و ئەوان لە سایەی تێڕوانینی ئیسلامدا جیاکاریان دژ دەکرێت. ژن و پیاو خاوەنی یەك مافن و هیچ جیاوازییەك نییە لە نێواندا بۆ نمونە لەم مافانەی خوارەوەدا: ۱- لە مرۆڤبوون؛۲- لە باوەڕهێنان و کاری چاکە؛۳- لە هەڵبژاردنی هاوسەر؛ ٤- لە فەزڵی کوڕ بەسەر کچ؛ ٥- بەهرەمەندبوون لە خوێندن؛ ٦- بوونی شایستەیی یاساییدا و

٧- فەرمان بەچاکە و ڕەتکردنەوەی خراپە. ئەم دەقە هەڵبەت نایشارێتەوە کە پیاوان پلەیەکیان بەسەر ژنانەوە هەیە کە ئەویش زیاتر ئەرکە نەك ماف"وللرجال عليهن درجه".

بەکورتی و بەکوردی ئەم دەقە دەیەوێ پێمان بڵێت کە لە ئاینی ئیسلامدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان ژن و پیاودا نییە و لە کۆتا پاراگرافی بابەتەکەدا وەك فەکتێك بۆ نەبوونی ئەو جیاوازییە و خستنەڕووی بۆچوونێکی نوێ باس لە ئامادەگی ئافرەتان دەکات لە کایە سیاسییەکاندا و هەروەها بەشداری کارا لە هەڵبژاردنەکان و بەڕێوەبردنی پۆست و کاروبارە حکومییەکاندا، کە ئاماژەیەکیشە بۆ بوونی جۆرێك گوتاری نوێی هاوچەرخی ئیسلامیی سەبارەت بە ئافرەتان و زۆرێك چەمك و بابەتی جێی مشتومڕ کە موحسن کەدیڤەر ناویان دەنێت "ڕۆشنبیرانی ئاینی"[10] و یەك لەو کەسانەش کە بۆچوونەکانی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا کاریگەری هەبووە، ڕاشد غەنووشییە. غەنووشی بۆ نمونە پێی وایە کە ئیسلام هیچ جۆرە بەربەرستێك لەبەردەم بەشداری سیاسی ئافرەتاندا دانانێت و تەنانەت ئافرەتان دەتوانن سەرەڕای بوونە کاندیدی پەرلەمان دەتوانێت ببێتە سەرۆکی حکومەتیش." لە ئیسلامدا هیچ بەڵگەیەك بوونی نییە کە بتوانێت ژن لە ویلایەتی گشتی و کاروبارەکانی کە دادوەری و فەرمانڕەوایيە بێبەش بکات"(غنوشی،٢٠٠٢: ١٦٠). ئەو هەروەها سەبارەت بە دەوڵەتیش وەك لە کتێبی بێداری ئیسلامیدا هاتووە ئاماژە بەوە دەکات کە"مەبەستی ئێمە لە حکومەتی ئیسلامی تەواوکردنی خەسڵەتە باشەکانی شارستانییەتی ئێستای مرۆڤایەتییە کە بناغەی ئازادکردنییەتی لە وەهم و دەسدرێژیکردن بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ"(غنوشی، ١٣٩٢: ١٢١).

**٢.٥. ٤. ئاشتی؛ پێکەوەهەڵکردن و فرەیی(پلۆرالیزم).**

**گوتاری ئاشتی و پێکەوەهەڵکردن:** دوو لەو گوتارانەن کە سەرەڕای ئەوەیکە وانەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخانکراوە، نووسەر لەگەڵ بەکارهێنانی کۆمەڵێك ڕەهەندی دیکەدا فۆکەسی جددیان لەسەر دەکات. ئەو ڕەهەندانەی کە بەکارهاتوون و دەتوانین هەموویان لە نێو گوتاری ئاشتی، پێکەوەهەڵکردن و فرەییدا جێبکەینەوە بریتین لەمانە: "برایەتی و پێکەوەژیان"٨جار، "بەزەیی و لێبوردن" چ لە نێوان خودا و مرۆڤدا و چ لە نێوان مرۆڤەکان خۆیاندا، "خزمەتی ئەوانیتر" ٦جار، "لێبوردنی ئاینی" و "لێبوردنی نەتەوەیی"٥جار، "گفتوگۆ و لێکتێگەشتن"٥جار،"ڕێز لە جیاوازی ئەوانیتر"١٠جار و "ڕێز لە ئاینیتر"٢٢ جار. لە کتێبی پۆلی یانزەدا "بەدەمەوەبوون و یارمەتی کەسانیتر و لێبوردەیی" ٩جار و "ناتوندوتیژی" ١جار و ڕەتکردنەوەی"بەکافرکردنی موسوڵمان" لانیکەم ٥جار، "پێکەوەژیان"٤جار. هەروەها چەمکەکانی وەك "گفتوگۆ" و "دیالۆگ"،٤٠جار.وانەی بیستوچواری کتێبی پۆلی "دە" بۆ "لێبوردەیی" تەرخانکراوە کە مەبەست لێی "عفو" نییە، بەڵکو مەبەست لێی "پێکەوەهەڵکردن" و "تسامح"ە.

**فرەیی:** ئەم کتێبانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە " ئیسلام بڕوای بە یەکێتی مرۆڤایەتی و جۆری مرۆڤ و جیاوازی و فرەیی زمان و فەرهەنگ و گەل و نەتەوەکان هەیە". لە کتێبی پۆلی یانزەدا ٣جار باسی فرەیی نەتەوەیی، ئاینی، سیاسی و کلتوری کراوە.

هەر لە کتێبی پۆلی یانزەدا و لە وانەی حەڤدەمدا گفتوگۆ وەك یەکێك لە بەها ئیسلامی و مرۆییەکان پێناسە دەکات و ٦ لاپەڕەی بۆ تەرخان دەکات. لێرەوە هەر لە ڕوانگەی قورئانەوە هانی موسوڵمانان دەدات کە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان پشت بە دیالۆگ ببەستن هەر وەك چۆن قورئان ١٧٠٠ جار ئاماژەی بەم چەمکە کردووە. ئەو گروپ و هێزە ئیسلامیانەش کە پشت بە توندوتیژی و زەبروزەنگ دەبەستن و بیروڕای خۆیان بەزۆر بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنن دڵنیا دەکاتەوە کە ئیسلام دوورە لەم خەسڵەتەوە. "خودا مرۆڤەکانی بە ڕەنگ و زمان و نەتەوەو ئەقڵی جیاوازەوە دروست کردووە، فرەییش حاڵەتێکی سروشتیی ژیان و بوونەوەرە". بۆ سەلماندنی ئەم خاڵەش فەرموودەیەك دەهێنێتەوە کە " من رمی مومنا بكفر فهو كقتله".

[10] - http://kadivar.com/?p=١٠٧٦

**ئاشتی**: لە کتێبی پۆلی دوانزەدا وانەی هەشتەم بۆ گوتاری ئاشتی تەرخانکراوە. لە سەرەتاوە بەمجۆرە پێناسەی ئاشتی دەکات " ئاشتی بەهایەکی گەورەی ئیسلامییە و باوەڕدارانیش بەحوکمی شوێنکەوتنیان بۆ ئەم ئاینە خودابیە، دەبێت لەسەری گۆشبکرێن و ببێت بە بەشێك لە بیرکردنەوە و رەفتاریان". هەروەها حاڵەتی شەڕ و ململانێ بە حاڵەتێکی زۆر کتوپڕ ناودەبات، بەڵام بە پشتبەستن بە ئایەتە " یاایها الذین امنوا ادخلو فی السلم کافه"، حاڵەتی ئاشتی بەحاڵەتێك جێگیر و بنەمایەکی چەسپاو. دواتر لە لاپەڕە ٣٥دا بنەمای ئاشتیش بە پشتبەستن بە فەرموودەیەکی پەیامهێنی ئیسلام بە خۆشەویستی ناودەهێنێت کە مرۆڤەکان دەبێ خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبێت.

ئیسلام لەم کتێبەدا هەر جۆرە شەڕەنگێزییەك رەتدەکاتەوە و سەرچاوەی ئاشتییە وەك ئاماژەیەك بەم فەرموودەیە کە "انی لم ابعث لعانا، و انما بعثت رحمه". واتە خوا منی رەوانە نەکردووە بۆ نەفرەت کردن بەڵکو بە بەزەیی هاتنەوەیە. پاشان چەن بەڵگەیەکیتر لە ئایەت و فەرموودە بۆ سەلماندی ئاشتیخوازی ئاینی ئیسلام ئاماژە پێدەکات. تەنانەت لە شوێنانەی کە باسی کۆمەڵگەی مەدەنی و بوونی دەوڵەت و ئۆپۆزسیۆنە و داواکاری خەڵك و ناڕەزایەتی خەڵکە پەنابردنەبەر هەر جۆرە توندوتیژییەك رەتدەکاتەوە. لە لاپەڕە ٥٧ی کتێبی پۆلی دەدا ئاماژە بەوەدەکات کە " ئیسلام ئاینی ئاشتیخوازی و برایەتی و بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی گشت ئاین و نەتەوەکانە لە ژێر چەتری ئیسلامدا".

### ٢.٥. ٥. چاکسازی و میانەڕەوی.

چاکسازی یەکێکیترە لە گوتار و چەمکە سەرەکییەکانی کتێبەکانی قۆناغی ئامادەیی. لە کتێبی پۆلی دوانزەدا کە وانەی نۆیەمی بۆ تەرخانکراوە بەم جۆرە باس لە چەمکی چاکسازی دەکات" "چاکسازی(اصلاح)" چەمکێکی ئیسلامیی رەسەنە و چەندەهاجار لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە و پەیوەستکراوە بە کاری پێغەمبەرانی خوداوە، هەر لەم سۆنگەیەشەوە "چاکسازی" چەمکێکی بنەڕەتی پەروەردەی کۆمەڵایەتی ئیسلامییە".

### ٢.٥. ٦. ئەخلاق، خۆشەویستی.

**ئەخلاق**: جگە لەو بەها و چەمکانەی دیکە هەر لە دادپەروەری، یەکسانییەوە بیگرە تا رێزی ئەوانیتر و نەتەوەکانیتر و راستگۆیی و بەزەیی و هەژارپەروەی و ... هتد، چەمکی رەوشت(اخلاق) بەتەنیا خۆی لە کتێبی پۆلی یانزەدا نزیکەی ٥٩جار بەکارهاتووە. یەك بەشی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە کە دەکاتە ١٣لاپەڕە. پەیامهێنی ئیسلام بە کەسێك پێناسە دەکات کە هاتووە بۆ ئەوەی ئەخلاق تەواو بکات" انما بعثت لاتمم مکارم الاخلاق".

**خۆشەویستی**: بەشی سێیەمی کتێبی پۆلی دە بۆ بابەتی بەها ئیسلامییەکان کە یەکێکیان خۆشەویستییە تەرخانکراوە. پێناسەی خۆشەویستی و لایەنەباشەکانی، پلەوپایەی خۆشەویستی و جۆرەکانی خۆشەویستی لە ٩لاپەڕەدا دەخاتەڕوو. خۆشەویستی لە روانگەی ئەم کتێبەوە بە بنەمای ژیان، هەستێکی ناسك و جوان کە لە دڵ و دەروونەوە هەڵدەقوڵێت وەسف دەکات. ئاینی ئیسلام گرنگییەکی زۆر بە خۆشەویستی دەدات و "هەوڵدەدات ئەم بەها جوانە لەناوماندا بڵاو ببێتەوە و ژیانمان برازێنێتەوە و بە خۆشەویستی و میهرەبانی و برایەتییەوە مامەڵە لەگەڵ خۆمان و خێزان و کۆمەڵگە و دەوروبەر بکەین.. خواپەرەستی و ئاین بێ خۆشەویستی جەستەیەکی بێرۆحە و ... بە پێچەوانەوە مەترسی ئەوەی لێدەکرێ کە بە پێچەوانەی ئامانجەکانی ئیسلام لە لایەن ئەو کەسانەوە خراپ سودی لێوەربگیرێت و ببێتە هێزێکی رووخێنەر".

لە جۆرەکانی خۆشەویستیدا هەشت جۆر خۆشەویستی جیادەکاتەوە کە بەراوردکردنی ئەم خۆشەویستییانە و لە ئاستی یەکدانانیان لە لایەکەوە جۆرێك لە ناهەماهەنگی لە رووی بەها و پێودانگەوە بەرهەم دەهێنێت لەلایەکیترە لەرووی بابەتی و زانستییەوە پرسیار لەسەر بابەتە دروست دەکات. خۆشەویستی بۆ خودا، بۆ پەیامهێنەران، بۆ خودی مرۆڤ، بۆ شتەمادییەکان، بۆ

دایك و باوك، ژن و پیاو بۆ یەکتر، بۆ رەوشت و چاکەکاری، خۆشەویستی برایانە و خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتیمان و گەل و نەتەوە، ئەمانە ئەو ٩جۆرە لە خۆشەویستین کە باس کراون.

**٢.٥. ٧. یاساسەروەری و دادپەروەری.**

ئەم دوو گوتارە واتە "یاساسەروەری" و "دادپەروەری"راستە لە هەر دوو کتێبی پۆلی یانزە و دوانزەدا وەك دوو وانە و بابەتی گرنگ بەکارهاتوون، بەڵام شانبەشانی یەکتر و وەك تەواوکەری یەکتریش پێکەوە گرێدراون. لە زۆر شوێن کە باسی یاسا کراوە پەیوەست کراوە بە بابەتی مافەکان و بە تایبەت دادپەروەرییەوە. یاسا سەروەری تەنیا لە کتێبی پۆلی یانزەدا نزیکەی ٢٠ جار ئاماژەی پێکراوە. دادپەروەریش ١٧ جار. سەبارەت بە دادپەروەری لە لاپەڕە ٥٠ی کتێبی پۆلی یانزەدا ئاماژە بە ئایەتێکی قورئان دەکات کە خودا سەرجەم پەیامبەرانی بۆ پیاددەکردنی داپەروەری ناردووە" ... و انزلنا معهم الکتاب و المیزان لیقوم الناس بالقسگ...".

لە باسی یەکسانی و جۆرەکانی یەکسانیدا چەن جۆرێك یەکسانی باس دەکات کە یەکێکیان بریتییە لە یەکسانی لەبەردەم شەرع و یاسادا. و جیاکاریکردن لە بەردەم یاسادا بە گەڕانەوەی بۆ فەرموودەیەك بە هۆکاری تیاچوونی میلەت و نەتەوەکان ناودەبات. فەرمانڕەوا و هاوڵاتی وەك یەك یاسایان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. جۆرێکیتر لە یەکسانی یەکسانی مرۆڤەکانە لەبەردەم دادگادا وەك کۆڵەکەی چەسپاندنی دادپەروەری لە ئیسلامدا.

لە پێناسەی دادپەروەریدا وەك لە هەندێك شوێن و بابەتی دیکەدا نووسەر پەنای بۆبردووە، سەرچاوەی دیکەی هزری و فەلسەفی بۆ پێناسەکردنی دادپەروەری بەکاردەهێنێت و دەڵێت یەکێك لە پێناسە باوەکان بۆ دادپەروەری بریتییە لە "اعطا کل ذی حق حقه".

لە بابەتی دادپەروەری سیاسیدا پشت بە وتەیەکی ئیبن تەیمیە دەبەستێت کە لە لاپەڕە ٢٣ی کتێبی پۆلی دوانزەدا دەڵێت" خودا یارمەتی فەرمانڕەوایەتییەکی دادپەروەر دەدات با خودانەناسیش بێت ، بەڵام یارمەتی فەرمانڕەوایەکی ستەمکار نادات با موسوڵمانیش بێت". هەر لە راڤەی ئەم وتەیەشدا باس لەوە دەکات کە تەنیا دادپەروەری فەرمانڕەوا مەرج نییە، دەبێ سیستمەکە دادپەروەر بێت.

**٢.٥. ٨. دیموکراسی.**

دیموکراسی یەکێکە لە گوتارە هەرەسەرەکییەکانی کتێبی پۆلی دوانزە. ئەم دیموکراسی و گوتاری دیموکراسییەش کە لەم کتێبەدا خراوەتەڕوو، نەك سیستمی دیموکراسی رەتناکاتەوە بەڵکو گەشتن بەم سیستمە بە ئەولەویەت دەزانێت. ئەو دیموکراسییەی کە باسکراوە، بریتییە لە حوکمی گەل کە هەڵبژێرراوی خەڵك بێت لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە. لەم جۆرە سیستمەدا مافی ئازادی رادەربڕین و ئۆپۆزسیۆن بوونیش بە کەمینە دراوە و ئەم خەسڵەتانەی بۆ دیاری کراوە"یەکسانی سیاسی، وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ ویستی گەل، حوکمی زۆرینە و مافی کەمینە. هەروەها بریتییە لە دابینکردنی فرەیی فیکری و سیاسی و چاودێری گەل بەسەر دەسەڵاتەکان و حوکمکردنی فەرمانڕەواکان، بە گوێرەی دەستورێکی مەدەنی کە ماف و ئازادی هاوڵاتیان بپارێزێت و لە کاتی پێشێلکردنی دەستووریشدا مافی حوکمکردن لە دەست بدەن و لە دەسەڵات وەلا بخرێنەوە.

لە رێگەی شیکردنەوەی رەخنەیی گوتارەوە لە ئاستی روونکردنەوەدا دەکەین بەو ئەنجامەی کە ئەم دەقە بە هیچ جۆرێك نایەوێت پاساو بۆ دیموکراسی ئیسلامی وەك سیستم یان بوونی سیستمێك بەناوی سیستمی دیموکراسی ئیسلامی بهێنێتەوە. یان بەرگی ئیسلامی بکات بەبەری سیستمی دیموکراسیدا، بەڵکو دان بە سیستمی ئیسلامیدا دەنێت وەك سیستمێکی سەربەخۆی مۆدێرن و

مەدەنی و رژێمێك بۆ حوكمی گەل كە پشت بە دەستور دەبەستێت. ئەو دەستورەش خەڵكی لە ڕێگەی نوێنەرەكانیانەوە بەشداری تێدا دەكەن و دواتر چاودێر دەبن لە جێبەجێكردنی بەندەكانیدا.

**٢.٥ .٩. مافەكانی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەت.**

* **مافەكانی مرۆڤ**: چەمكی ماف بە هەموو جۆر و ڕەهەندەكانییەوە( مافی مرۆڤ، مافی ئاین، مافی كەمینە، مافی زۆرینە، مافی چارەی خۆنووسین، مافی دەوڵەت، مافی ئازادییەكان)، لە كتێبی پۆلی یانزەدا نزیكەی ٢٨ جارو لە كتێبی پۆلی دەدا ١٥جار و لە دوانزەدا لانیكەم ٣٥جار بەكارهاتووە و وانەیەكی سەرەكی بەناونیشانی"ئیسلام و مافەكانی مرۆڤ" بۆ تەرخانكردووە. جاڕنامەی گەردوونیی مافەكانی مرۆڤیش وەك لە كتێبی پۆلی یانزەدا ئاماژەی پێكراوە" بە یەكێك لە دەستكەوتەكانی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەدا دادەنرێت".

- **مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەت:**

وانەی شانزەی كتێبی پۆلی یانزە بۆ بابەتی مافی چارەی خۆنووسین و وانەی دوانزەی كتێبی پۆلی دوانزە بۆ هەمان گوتاری مافی گەلان و چارەنووسی گەلان بەڵام لە روانگەی یەكسانی گەل و نەتەوەكانەوە، جەختی نووسەر لە سەر مافی چارەی خۆنووسین وەك جەوهەری ناسیۆنالیزم پیشان دەدات. بۆ بابەتی مافی چارەی خۆنووسین لە دەروازەی كەرامەتی مرۆڤ و یەكسانی مرۆڤەكانەوە دەچێتەنێو  بابەتەكەوە هەر ئەم بنەمایە بە بناغەش بۆ مافی گەل و میللەتان دادەنێت. ئاماژە بە بەڵگەنامەی نەتەوەیەكگرتووەكان دەكات كە دانی بەم مافەدا ناوە و ئەم مافەش بریتییە لە" هەموو گەلێك مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. بە گوێرەی ناوەڕۆكی ئەم مافەش مافی دیاریكردنی پێگەی سیاسی و ئازادی و مسۆگەركردنی پەرەپێدانی ئابوری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری هەیە".

لە بابەتی "ئیسلام و مافی چارەی خۆنووسینی گەلاندا" هەوڵدەكات وەك كەتیگۆرییەكی سەربەخۆ لە دەرەوەی چوارچێوەی دین مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمكەدا دەكات و پێی وایە كە هەرچەندە ئەم چەمكە زادەی رۆژئاوایە و لەسەردەمی هاتنی ئیسلامدا ئەم بابەتە نامۆ بووە و ئەمە بابەتێكی مۆدێرنە و بە دەركەوتنی مۆدێرنیتەو سەرهەڵدانی دەوڵەت ـ نەتەوە گۆڕانكاری بەسەر جیهانبینی گەلانیشدا هاتووە، بەڵام مانای ئەوە نییە كە ئێمەی موسوڵمان ناتوانین لەم مافانە تێبگەین. ئەم دەقە هەوڵ دەدات هەندێك ئاماژە لە ناو دەقی قورئاندا بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بڵێت كە خودا بە گەورەیی خۆی مرۆڤەكانی كردووە بە زمان و نەتەوەی جیاوازەوە و گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە و نەتەوەكان مافی خۆیان لەڕێگەی رفراندۆمەوە و هەڵبژاردنەوە بڕیاری ئەوە بدەن فەوارەی سەربەخۆی خۆیان هەبێت یان لە چوارچێوەی هەر دەوڵەتێكدا بمێننەوە. بەدەر لەمە پەنابردنەبەر هەر هێزێك بۆ سەركوتكردنی نەتەوەیەك و بەزۆر هێشتنەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێكدا و بێبەشكردنی لە مافی چارەی خۆنووسین دژی گیانی ئیسلام و بەها باڵاكانە. لەمەوە ئەم گوتارە دەیەوێ چەمك و جیهانبینی ئومەی عەرەبی و ئوممەی ئیسلامی تێپەڕێنێت و مافی چارەی خۆنووسین وەك دیاردە و دەرهاویشتە و داخوازییەكی مۆدێرن و دەركەوتەی دەوڵەت ـ نەتەوەی هاوچەرخ سەیر بكات و پێویستیی جێهێشتنی ئەو قوناغە بە شتێكی نكۆڵینەكراوە و چەسپاو دادەنێت.

لە كتێبی پۆلی دوانزەشدا یەكسانی گەل و نەتەوەكان دەكاتە دەسكەلایەك بۆ سەلماندن و شەرعییەتپێدانی داخوازی مافی چارەی خۆنووسین كە لە ناو كرۆكی ئیسلامیشدا یەكسانی گەلان بنەمایەكی نەگۆڕ و چەسپاوە و ئەم ئاینە تەنیا بۆ نەتەوە و ڕەنگ و زمانێكی دیاریكراو دانەبەزیوە و پێوەر عەرەب و موسوڵمانبوون نییە، بەڵكو هەموو نەتەوەكان وەك یەكن و یەك سەرچاوە و ڕێزیان هەیە و تەنانەت بە هێنانەوەی هەندێك بەڵگەی وە بۆچوونەكانی ئین تەیمیە دان بەوەدا دەنێت كە ئەوە وڵاتان و فەرمانڕەواكانی جیهانی ئیسلامی نین كە دادپەروەرن و خودا ئەوانی خۆش دەوێ بەڵكو خودا نەتەوە و دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتییەكی خۆش دەوێ و سەری دەخات كە دادپەروەر بێت با بێباوەڕیش بێت.

نووسەر هەروەها پێی وایە کە دەبێ لە واقعی ئێستاوە بابەتی مافی چارەی خۆنووسین لێکبدرێتەوە و نایەکسانی نێوان گەلان و لەوانەش گەل و نەتەوە موسوڵمانەکان برایەتی ئیسلامی و ئینسانی لە ناوەرۆکەکەی بەتاڵ دەکاتەوە. بۆیە تەنانەت جۆرێك لە ئیجتیهادی نوێ لەم بابەتە دەبینرێت ئەوکاتەی کە لە لاپەڕە ٥١دا دەنووسێت" هەر هێز و کەسێك لایەنگری مافی وەکیەکی گەلانی موسوڵمان نەبێت، لە هەڵبڕینی دروشمی برایەتی ئیسلامیدا راستگۆ نییە".

لە کۆتا پاراگرافدا ئۆباڵی هەموو تاوانی نەبوونی دەوڵەوت و نایەکسانی نێوان گەلان ناخاتە ئەستۆی یەك لایەن و بە دیاریکراوی دراوسێکان و رژێمەکانی عێراقی عەرەبی، بەڵکو بە پشتبەستن بە بنەمای یەکسانیی گەل و نەتەوەکان لە ئیسلامدا، رەخنە لە سیستمی نێودەڵەتی دەگرێت کە نەیتوانیوە مامەڵەی یەکسان لەگەڵ دەوڵەتاندا بکات و تا هەنووکەش نایەکسانی و ناعەدالەتی زۆری تێدایە.

### ٢.٥. ١٠. گوتاری ئاینەکانیتر(جوولەکە و ئێزدی).

لە کتێبی پۆلی یانزەدا باسی ئاینی جوولەکە دەکات و سەرهەڵدان و مێژوویەکی کورتی دەخاتەڕوو. پاشان ئامۆژگاری و رێنموونییەکانی پەیامهێن موسا لە زمان و روانگەی خودی جوولەکەکانەوە و بەپشتبەستن بە تەورات بە خاڵ باس دەکات. ئەنجا باسی کتێبی پیرۆزی ئاینەکەیان دەکات و لە زمانی خۆیانەوە کە پیاوانی ئاینی جوولەکە کتێبەکەیان دابەشکردووە پۆلێنبەندی دەکات. پاشان لە ١٤ خاڵدا گرنگترین بیروباوەڕەکانی ئاینی جوولەکە بە چڕوپڕی ریز دەکات کە هەم لێتێگەشتن و هەم پۆلێنکردنی ئەم هەموو خاڵ و زانیارییە بۆ خوێندکارێکی پۆلی یانزە گران و ئەستەم دەکات. هەندێك لەو زانیاریانەش بۆ نمونە ئەسفاری پێغەمبەران کە لە چەند خاڵێکدا خراوەتەڕوو گرنگییەکی ئەوتۆیان تێدا بەدی ناکرێت بۆ نموونە ئاماژەکردن بەم هەموو ناو چەمکە نەزانراو ناروونە بە بێ پێشەکییەك کە خوێنەری زانیاری پێشوەختەی لەسەر بابەتەکە هەبێت رەنگە لێتێگەشتنی ئەستەم بکات. لە لاپەڕە ٨٦دا هاتووە: ئەسفاری پێغەمبەرە پێشینەکان : یەشوع، یوشەعی کوڕی نون، قازیەکان، موتیلی یەکەم، ساموێلی دووەم، پادشاکانی یەکەم، پادشاکانی دووەم. ب ـ ئەسفاری پێغەمبەرە پاشینەکان: ئەشقیا، ارمیا، حەزقیان، هوشەل، یوئیل، عاموس، عوبیدیا، یونس، میخا، ناحوم، حەبەقەووق، سەفەنیا، حەججی، زەکەریا، مەلاخی.

بۆ ئایناسی پۆلی دوانزەش کە باسی ئاینی ئێزدی دەکات، بەهەمان شێوە بە پوختەیەك دەربارەی ئاینەکە دەست پێدەکات و بێلایەنانە لە زمانی شارەزایانی ئاینی ئێزدییەوە مێژوویەکی ئاینەکە ڕووندەکاتەوە. ئەنجا سیستمی چینایەتی ئاینی ئێزدی باس دەکات. گرنگترین پەرستگەیان کە پەرستگەی لالشە دەناسێنێت. دواتر کتێبە پیرۆزەکانیان ڕووندەکاتەوە و ئەنجومەنی باڵای رۆحانی ئێزیدییەکان و جەژنەکانیان بە وردی ڕووندەکاتەوە.

لە هەندێ شوێنی هەر سێ کتێبەکەش راستە دەیان جار باس لە ئازادییەکانی بیروباوەڕ و ئاینەکان و ئازادی رادەربڕین و پێویستیی رێزگرتن لە ئاینەکانیتر کراوە، بەڵام لە سێ شوێن باس لەوە کراوە کە ئاینەکانی مەسیحی و جوولەکە کتێبەکانی خۆیان دەستکاری کردووە و تەحریفیان کردووە. کە ئەمەش لەگەڵ بنەمای لێکتێگەشتن و پێکەوەهەڵکردنی نێوان ئاینەکان یەکانگیر نابێت.

### ئەنجام

دوای شەنوکەوی چەنجارەی هەرسێ کتێبەکە دەکرێ سەرەکیترین گوتارەکانی ئەم سێ کتێبە بەمشێوەیەی خوارەوە ریزبکەین: یەکەم: رێز و کەرامەتی مرۆڤ" دووەم، ئازادییەکان" سێیەم، یەکسانی مرۆڤ، ئاینەکان، یەکسانی جێندەریی" چوارەم، ئاشتی، پێکەوەژیان و فرەیی" پێنجەم، چاکسازی و میانەڕەوی" شەشەم، ئەخلاق، خۆشەویستی" حەوتەم، یاساسەروەری و دادپەروەری" هەشتەم، دیموکراسی" نۆیەم، مافەکانی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەت" و دەیەم، ئاینەکانیتر".

ئاشکرایە کە ئێمە لەم شیکردنەوەیەدا سەرەڕای دیاریکردنی گوتارەکان و زەمینەی گوتاریی بەدوای پرەکتیزی کۆمەڵایەتی گوتارەکاندا دەگەڕێین. کاتێك مشتومڕ لەسەر دانان و نووسینەوەی پرۆگرامێکی پەروەردەی ئاینیی لە لایەن دەسەڵاتەوە دەکرێت و دواتر هەر ئەو دەسەڵاتە لەسەر نووسینی وەها پرۆگرامێك رازی دەبێت و بە نووسەرێکی تایبەتی دەسپێرێت کە خاوەن ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوی ئاینی و سیاسی بەپاشخانێکی ئیسلامیی میانەڕەوە کە جیاواز لە ئایدیۆلۆجیا و گوتاری حزبەسەرەکییەکانی ئەوکات کە پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانی بوون، بیر دەکاتەوە و مومارەسەی دەسەڵات دەکات، کاتێك دەسەڵات ئەو جۆرە لە گوتاری ئاینیی بەلەپێشتر و گونجاوتر لە گوتارەکانی دیکەی ئیسلامییەکانی کوردستان سەیردەکات و بەرێگاچارەی کێشەیەکی گەورەتری دەزانێت کە رەنگە پشێوی و خۆپیشاندانی ئیسلامییەکان بەگشتیی لێبکەوێتەوە، دیارە ئەم جۆرە لە گوتاری ئاینی یارمەتی پاراستنی دەسەڵات دەدات و نەزمێکی گوتاریی بەرجەستە دەکات کە نایەوێت گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا بکات.

گوتارەکانی رێز و کەرامەتی مرۆڤ، ئازادییەکان، یەکسانی مرۆڤ، ئاینەکان و یەکسانی جێندەریی، ئاشتی، پێکەوەژیان و فرەیی، چاکسازی و میانەڕەوی، ئەخلاق و خۆشەویستی، یاساسەروەری و دادپەروەری، دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، ماڤ چارەی خۆنووسین و دەوڵەت و گوتاری ئاینەکانیتر. ئێمە وتمان سێ رەهەند گوتار گرنگییەکی زۆری لە گوتار و شیکردنەوەی گوتاردا هەیە کە دەق، پرەکتیزی گوتاریی و پرەکتیزی کۆمەڵایەتین. ئەم کتێبانە لە رووی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە تەنیا یەك گۆڕانکاری دروست دەکات ئەوەیش گۆڕانکارییە لە گوتار و نەزمی گوتاری دەسەڵات و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا. دەسەڵات لە چوارچێوەی نەزمێکی گوتاریی ئاینی مۆدێرن و مەدەنی و سەردەمیانەوە کە ئاشتە لەگەڵ دوو گوتارە سەرەکی و دوو حەکایەتەگەورەکەدا کە ناسیۆنالیزم و دیموکراسین، هەنگاو دەنێت و بڕیارەکانی دەردەکات و لەوانەشە هەر لەم سۆنگەیەوە دەست بۆ کۆمەڵێك چاکسازی وەك لەسەرکارلادانی هەندێ مامۆستای ئاینی کە هانی توندوتیژی و تەکفیری خەڵك دەدەن، ببات.

بەڵام خاڵی جەوهەریی ئەوەیە کە نووسەر لە رێگەی ئەم دەقانە و دە گوتارە سەرەکییەکەوە دەیەوێ نەزمێکی گوتاریی نوێ و جیاواز لە گوتارە ئاینی و ئیسلامییەکانیتر بخاتەڕوو کە ببێتە هۆکارێك لە گۆڕانکاری لە پرەکتیزی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵگەدا، هەرچەندە بە جۆرێك لە ورياييەوە کە خاوەنگوتارەکانیتر نەوروژێنێت و زۆر پێش کۆمەڵگە نەکەوێت. ئەم جۆرە لە گوتار گوتارێکی نوێی ئیسلامی سیاسی یان گوتاری کۆمەڵێك رۆشنبیری ئیسلامییە کە دەیەوێ هەموو گوتارەکانیتر کە باوەڕیان بە شتێك و سیستمێك نییە لە دەرەوەی گوتاری دینی تێپەڕێنێت. نووسەر راستە باوەڕی بە هێڵە گشتییەکانی ئیسلام هەیە کە لە رێگەی ایجتیهادەوە دەکرێ وەها خوێندنەوەیان بۆ بکرێت کە دژ نەوەستنەوە لەگەڵ هیچکام لە بنەماکانی دیموکراسی و رەوایەتی خۆشەویستی نیشتمان و خاك و نەتەوەوە بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو گوتارە ئاینییەش تێدەپەڕێنێت کە پێی وایە ئاین شمولییە و هەموو شتێك دەگرێتەوە و هەرشتێك لە دەرەوەی بازنەی ئاین بڤەیە. کاتێك باسی مافەکانی مرۆڤ، یەکسانی، ئازادییەکان و دادپەروەری و میانەڕەوی و ئاشتی و پێکەوەژیان و ئەخلاق دەکات پشت بە بنەماکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و سیستمی جیهانیی دەبەستێت. جەخت لەسەر پلۆرالیزمی ئاینی و نەتەوەیی و زمان و زمانی گفتوگۆ لەگەڵ هەموو مرۆڤەکان و ئامارژەکردن بە کۆمەڵێك فەکتی فەرمووده و قورئانی کە تیایدا هیچ دەرفەتێك بۆ هیچ جۆرە توندوتیژییەك ناهێڵێتەوە.

کاتێك باسی نەتەوە و بوونی ماڤ چارەی خۆنووسین دەکات یارمەتی لە دەقی ئاینیش وەردەگرێت، چونکە پێی وایە کە نابێت گەڕانەوە بۆ دەق پشتگوێ بخرێت ئەگینا هەر گوتار و خوێندنەوەیەکی نوێ بە بێ گەڕانەوە بۆ دەق شەرعییەتی لەدەست دەدات. بۆ ئەوەی رەوایەتی بە میللەتانی وەك کوردیش بدات کە خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و بەناوی ئومەی عەرەبی و ناوەکانیترەوە لەو مافە بێبەش نەکرێن و پێی وایە بوونی دەوڵەت بەرجەستەبوونی عەدالەتی خوداییە.

له رووی یەکسانی و ئازادییەکانەوە و بەتایبەت یەکسانی جێندەری و ئازادی و جیاوازییە تاکەکەسی، نەتەوەیی و ئایینییەکانیتریشەوە خوێندنەوەیەکی نویٚ بۆ دەقەکان و فەرموودەکان دەکات و تەنیا ئەو فەرموودانە ئاماژە پێدەدات و وەك بەڵگەو فەکت بەکاریان دەهێنێت کە جەخت لەسەر ڕێز و کەرامەتی یەکسانی و وەکیەکی مرۆڤەکان بە هەر جیاوازی و ڕەنگ و زمان و نەتەوەو ئاینێکەوە هەیانەوە، دەکاتەوە. تێڕوانینێکی نویٚ بۆ جیاوازی جێندەریی دەخاتەڕوو و لە ڕێگەی هەندیٚ فەرموودە و فەکتەوە ئەو خوێندنەوەیەش تێدەپەڕێنێت کە ئافرەت تەنیا ئەرکی بەخێوکردنی منداڵە بەڵکو ئافرەتانیش بە بیٚ جیاوازی لەگەڵ پیاوان دەتوانن لە هەموو کایەکاندا بەشداری بکەن.

هەروەها بە وروژاندنی بابەتی حسابکردن بۆ کات و شوێن کە گوایە دەکریٚ حوکمێکی شەرعی لە کات و ساتێکی دیاریکراودا بڕیاری لەسەر دەرکرابێت، ئیدی دەرگا بە رووی خوێندنەوەی نویٚ، ئەقڵانی، ئیجتیهادی نویٚ و حسابکردن بۆ شوێن و کۆمەڵگە و نەتەوە و کات و کلتور و زانستە نوێیەکانیش دەکاتەوە. فەکتێکی زۆر سادە کە دەری دەخات تا چەندە ئەم ململانێیە توند و سەختە و تا چەن ڕۆچووە بەناو مێژووی ئیسلام و کۆمەڵگەی موسوڵماندا و تا ئەمڕۆش چەندە ئەستەم ئیسلامێیکی مۆدێرنی میانەڕەوی سەردەمیانە دەتوانێت گەشەبکات و گوتاری خۆی ئازادانە بڵاوبکاتەوە ئەوەیە کە نووسەری ئەم سیٚ کتێبەی کە ئێمە توێژینەوەمان لەسەر کردوون، ونە و بەهیچ جۆرێك ناوی لەسەر بەرگی کتێبەکان نەهاتووە.

نووسەر دەیەویٚ لە ڕێگەی خستنەڕووی نەزمێکی گوتاریی و پرەکتیزێکی گوتاریی نوێوە کە باوەڕبوونە بەوەیکە دەقەکان هەن و دەبێت خوێندنەوەی نوێیان بۆ بکرێت لە ڕێگەی ئیجتیهادەوە، موتوربەکردنی گوتارێکی ئیسلامی هاوچەرخ بە ناسیۆنالیزم کە هەناسەیەکی ناسنامەیی تیابیٚ و دژنەوەستێتەوە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و ماق چارەی خۆنووسین و گوتارێك کە باوەڕی بە چاکسازی، یاساسەروەری، ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ، ئازادییەکان، دیموکراسی و پێکەوژیان و فرەیی و لیبرالیزمی سیاسی هەبێت، گوتارێکی ئیسلامی بخاتەڕوو کە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەهای خۆشەویستییەوە یەکانگیربێت لەگەڵ بەهاکانی سەردەم زەمینە بۆ دروستکردنی جۆرێکیتر لە پرەکتیزی کۆمەڵایەتی و جۆرێکیتر لە گوتار لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە بەهۆی بوونی تایپەکانیتری گوتاری ئاینی و دیندارییەوە لە گوتاری نەریتییەوە بیگرە کە بەشێکی زۆر لە مەلاکان ئاڕاستەی دەکەن، تا جیهادی و سەلەفییەکان ساز بکات.

سیٚ خاڵی گرنگیتر لە شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاری ئەم سیٚ کتێبەدا هەن کە نابیٚ لەبیر بکرێن، خاڵی یەکەم ئەوەیە کە لەڕووی بەرهەمهێنانی پرەکتیزی گوتارییەوە، زیاتر گوتارێکە بە ئاڕاستەی حەکایەتەگەورەکان و هەژموونی گوتاری سیاسی بەسەردا زاڵە. کە وا دەردەکەوێت لە غیابی بوونی وانەیەکی گرنگی وەك پەروەردەی نیشتیمانی یان مەدەنی کە کەمترین گرنگی لە پرۆگرامەکانی پەروەردەی کەرتی پەروەردەدا پێدەدرێت ئەم خەسڵەت و مۆرکەی بەسەردا زاڵە. خاڵێکی دیکەی جێیسەرنج ئەوەیە کە هێندە ئەم گوتارە سیاسی و هەژموونە سیاسییەی کۆمەڵگەی کوردی ڕەنگی داوەتەوە لە نێو ئەم سیٚ کتێبەدا هەر وەك چۆن ڕەنگی داوەتەوە لە هەموو کایەکانیتری ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا، لە سیٚ کتێبی وانەی ئاینی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا کە زۆرینەی نەتەوەی کوردە و موسوڵمانە، هیچجۆرە مۆرکێکی کوردی بەسەر پرەکیزی گوتاریی کتێبەکاندا تێبینی ناکرێت. بە تێروتەسەلەی باسی گوتاری ناسیۆنالیزمی دەکات، بەڵام کەمترین مۆرکی کوردی و ئیسلامی کوردی و عیرفانی کوردی پێوە دیارە. لە گۆشەنیگاکی سیاسیانەوە لە بابەتی کوردبوون و ڕەهەندەکانی دیموکراسی و ناسیۆنالیزم دەڕوانێت نەك مێژووی و کلتوری و کۆمەڵایەتی.

لەم هەموو گوتارەدا نە پەندێکی کوردی و نە شیعر و نە ڕوودا و نە مزگەوت و نە شێخ و تەکیەی کوردی و نە شار و مەزارگە و نە کەسایەتی و زانای ئاینی کوردی وەك مودەڕس و زەڵمی و نە شاعیرێکی وەك مەولەوی و مەحوی و نالی، نە وێنەی جامانەبەسەر و ریش سپییەکی ڕوولەخوای ناو مزگەوتەکانی ئەو هەرێمە، نە بەرماڵ و ڕاخەر و جێنوێژێکی کوردی، نە ملوانکە و مێخەکێکی مل و پەسەکی کوردی، نە کەتاڤ و فەقیانەیەکی کوردی، ئامادەگیان نییە. ئەم سیٚ کتێبە پشت بە ئیسلامێکی نەرم و ڕۆحانی و

چەمکەکانی عیرفان و تەسەوف بۆ پیشاندانی رۆحی نەرم و نیانی و عەشق و خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی و نێوان مرۆڤەکان دەبەستێت کەچی باسی عیرفانی کوردیی کە یەکێکە لە دیاردەو سترەکچەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی و جۆرێك لە دینداریی کوردیی تێدانییە.


- **English reference**

١- H G, widdowson,٢٠٠٤, TEXT, Context, Pretext, critical issues in discourse analyses, Blackwell publishing.

٢- Fairclough Norman,٢٠٠٤,critical discourse analyses: the critical study of language,London and New york.

٣- Paul Gee James,٢٠١١, An introduction to discourse analyses, Routledge, London and New york.

٤- Fairclough Norman ,١٩٩٥, Discourse and social change, Blackwell.

٥- locke,terry,٢٠٠٤,critical discourse analyses, London New york

٦- Weiss Gilbert & wodak Ruth,٢٠١٢, critical discourse analyses, theory and Interdisciplinarity, PALGRAVE MACMILLAN

- **سەرچاوە کوردییەکان**

٧ پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ، پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ٢٠١٢،

٨ حاجی ئاقایی، ئازاد، خوێندنەوەیەکی دیسکۆرسیڤ لە ناسیۆنالیزمی کورد، سلێمانی، دەزگای جەمال عرفان، چاپی یەکەم ٢٠١٥.

٩ عەلی، جعفر، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، هەولێر ، ئەندێشە، چاپخانە رۆژهەڵات، ، چاپی دووەم، ٢٠١٣

١٠ قەرەداخی، عەتا، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی، چاپخانەی رەنج، یەکەم، ٢٠٠٧

١١ قەرەداخی، عەتا، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی، چوارچرا، بەرگی دووەم، ٢٠١٤

١٢ عبدالكريم، سەلام، گوتاری ئیسلامی و گرفتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، سلێمانی، چاپخانەی سیڤا، چاپی یەکەم،٢٠٠٩

١٣ عەلی، ئەبوبەکر، ئیسلامی بوون لە قۆناغی پاش ئیسلامیدا،سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.

١٤ عبدالخالق، مەسعود، ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان، هەولێر، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، چاپی دووەم، ٢٠١٤.

١٥ لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەی ئیسلامی بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.

١٦ لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەی ئیسلامی و ئاییناسی بۆ پۆلی یانزەمی ئامادەیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.

١٧ لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەی ئیسلامی و ئاییناسی بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.

- **سەرچاوە فارسییەکان:**


١٨ ای ژیرو، هنری، به سوی تعلیم و تربیت پست مدرن، ترجمه مرتضی جبریانی، از کتاب کهون، ارنست، از مدرنیسم تا پست مدرنیسم، تهران، نشر نی، ١٣٩٠

١٩ آقاگلزاده، فردوس، توصیف و تبیین ساخت های زبانی ایدئولوژیک در تحلیل گفتمان انتقادی، فصل نامه پژوهشی زبان و ادبیات تطبیقی، ش٢، ١٣٩١، صص ١-١٩

٢٠ آقاگلزاده، فردوس، رویکردهای غالب در تجلیل گفتمان انتقادی، مجله زبان و زبان شناسی.

٢١ ابراهیمی، نبی الله، گفتمان اسلام سلفی و جهانی شدن امنیت خاورمیانه، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال سیزدهم،شماره چهارم، ١٣٨٩، شماره مسلسل ٥٠.

٢٢ ارس بولنت، کاعا عمر، جنبش اسلام لیبرالی در ترکیه، اندیشه های فتح الله گولن، ترجمه سید اسدالله طاهری، فصلنامه مطالعات خاورمیانه، سال نهم، شماره ٤، ١٣٨١، صص ٨٢-٥٩.

٢٣ اعضم زاده منصوره، بقالی هاوژین، تحلیل جامعه شناختی سلفی گری به مثابه یکی از منابع هویت ساز در کردستان ایران،

٢٤ برویین سن، وین ، جامعه شناسی مردم کرد(آغا، شیخ، دولت)، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، نشر پاییز، چاپ سوم، ١٣٨٣، : ١٧

٢٥ برنز، اريك، میشل فوکو، ترجمه بابك احمدي، تهران، نشر ماهي، چاپ اول، ١٣٨١.

٢٦ بلیکی، نورمن، استراتژی های پژوهش اجتماعی، ترجمه هاشم آقابیک پوری، تهران، جامعه شناسان، چاپ دوم، ١٣٩٢.

٢٧ تاجیک، محمدرضا، پساساختارگرایی و روش، http://www.ensani.ir

٢٨ سروش عبدالکریم، اخلاق خدایان، تهران، طرح نو،چاپ هشتم، ٢٠٠٤.

٢٩ سروش عبدالکریم، آیین در آینه، تهران، موسسه فرهنگی صراط، ١٣٨٥.

٣٠ سرایی حسن، فتحی سروس، زارع زهرا، روش کیفی در مطالعات اجتماعی، پژوهش نامه علوم اجتماعی، سال دوم/شماره سوم ١٣٨٧

٣١ رندل، جاناتان، با این رسوایی چه بخشایشی، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، نشر پاییذ، چاپ سوم، ١٣٨٣

٣٢ خسروشاهی، سید هادی، بیداری اسلامی در تونس و راشد الغنوشی، موسسه بوستان کتاب، ایران، ١٣٩٢.

٣٣ صادقي اول، چیت سازیان، رویکرد اخوان المسلمین در قبال فرآیند دمکراسی در مصر، پژوهشنامه ایرانی سیاست بین الملل، سال اول، ١٣٩٢،

٣٤ غنوشی، راشد، آزادی های عمومی در حکومت اسلامی، ترجمه حسین صابری، تهران، علمی و فرهنگی، ١٣٨١.

٣٥ عبادی، محسن، شریعتی، سارا، تحول آرای اخوانی ها از حسن البنا تا راشد الغنوشی، جستارهای سیاسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال پنجم، شماره دوم، ١٣٩٣،٦٥-٨٦.

٣٦ عبدالحسین کلانتری، گفتمان از سه منظر زبانشناختی، فلسفی و جامعه شناختی، تهران، جامعه شناسان، ١٣٩١.

٣٧ فریق، هه ورامان، خاطره ی جمعی مردم حلبچه از شیمیایی حلبچه، استاد راهنما، سارا شریعتی، دانشگاه تهران، ١٣٩٢.

٣٨ فوکو، میشل، حقیقت و قدرت، ترجمه نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، از کتاب کهون، ارنست، از مدرنیسم تا پست مدرنیسم، تهران، نشر نی، ١٣٩٠

٣٩ فوکو، میشل، دیرینه شناسی دانش، ترجمه نیکوسرخوش و افشین جهاندیده، تهران، نشر نی، چاپ دوم، ١٣٩٢.

٤٠ فرکلاف، نورمن، تحلیل انتقادی گفتمان، گروه مترجمان، تهران، مرکز مطالعات و تحقیقات رسانه ها، چاپ اول، ١٣٧٩.

٤١ کوچرا، کریس، جنبش ملی کود، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، نگاه، چاپ دوم، ١٣٧٧.

٤٢ گوتینگ گری، فوکو، مترجم مهدی یوسفی، تهران، نشر افق، چاپ اول، ١٣٩٠،
٤٣ میراحمدی منصور، ولدبیگی علی اکبر، جریان های سلفی از انقیاد تا افراطگرایی، جستارهای سیاسی معاصر، ١٣٩٣
٤٤ **محمد پور،** احمد، روش تحقیق کیفی ضد روش٢، تهران، جامعه شناسان، چاپ دوم، ١٣٩٢.
٤٥ نصیرات، صالح، جنبش اسلامی- عرفانی فتح الله گولن در ترکیه، ترجمه مجید مرادی، میثاق امین، فصلنامه پژوهشی اقوام و مذاهب، سال دوم، شماره ششم، ١٣٨٧.
٤٦ هابرماس، یورگن و گروه نویسندگان، ترور و تفکر، ترجمه، امیرهوشنگ افتخاری راد، نادر فتوره چی، تهران« نشر چشمه، چاپ دوم، ١٣٩٠
٤٧ هال، استیوئرت، معنا، فرهنگ و زندگی اجتماعی، ترجمه احمد گل محمّدی، تهران، نشر نی، چاپ اول، ١٣٩١.
٤٨ یورگنسن، ماریان، فیلیپس، لوئیز، نظریه و روش در تحلیل گفتمان، ترجمه هادی جلیلی، تهران، نشر نی،چاپ چهارم ١٣٨٩.

- **سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**

٤٩ http://www.kdp.info/p/p.aspx?p=٦&l=١٣&s=٠١٠٠٠٠&r=٣٤٧
٥٠ http://kadivar.com/?p=١٠٧٦
٥١ http://komaliislami.org/Files/Documents